سەرۆکی هەرێمی کوردستان، حکوومەت رادەسپێرێت بۆ ئەوەی پەلە بکات لە ئامادەکردنی یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کورستان

ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژۆ دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5925) سێ شەممە 4ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ئەمڕۆ سێ شەممە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژۆ دەکات و حکوومەت ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی پەلە بکات لە ئامادەکردنی یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کورستان.
دڵشاد شەهاب، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لەوکاتەوەی یاسای چاکسازی لە پەرلەمان پەسندکراوە، دیراسەیەکی چاکی لەسەر کراوە، دیراسەکەش هەر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو پرۆژەیاسایە هی حکوومەت بووە و پێشکەشی پەرلەمانی کردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**


بەریتانیا پابەندە بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان

ئەندرو مۆرەسن، وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەمیانەی دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی بەریتانیا لەبارەی دۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و پابەندیشن بە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەسەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا



پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی بەڕێزان مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، لە باڵەخانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کۆبوەوە.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە بەڕێز سەرۆکی حکوومەت و کابینەی نێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و پشتگیریی خۆی بۆ هەنگاوەکانی حکوومەت دەبڕی سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و پڕۆژەکانی حکوومەت و بڕەودان بە پرۆسەی چاکسازی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نێیەمدا و داوای کرد کە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو هاوواڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەن.
بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی عێراق لەم دۆخە نائاسایییەی ئێستا دەربچێت. بەڕێزیان گوتی «خوازیارین کێشەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن».
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەلجیکا کۆبوونەوە

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە بەڕێز فیلیپ گۆفین وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریی بەلجیکا کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەلجیکای کرد بۆ پشتگیری و هاوکارییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا و دووپاتی کردەوە کە عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا پێویستییان بە بەردەوامیی هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



جەخت لە بەردەوامی پشتیوانیکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە

دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەلجیکا کرد بە سەرۆکایەتی فیلیپ گۆفین وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەلجیکا کرد.
لە دیدارێکدا، دوایین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەلجیکا تاوتوی کران. جەخت لە بەردەوامی پشتیوانیکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوێک بۆ کەرتی گشتی و تایبەت ئامادە دەکات

بڕیارە ڕێکەوتی 2020/2/10 لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی هاوبەش بۆ کەرتی گشتی و تایبەت لە لە هەرێمی کوردستان ساز بکرێت و بڕیاریشە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پەیڕەوێک بۆ کاری هاوبەشی هەردوو کەرتەکە دەربکات. ئەو کۆنفرانسە سەرجەم وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ، هاوکات وەبەرهێنەر و خاوەن کۆمپانیا و بازرگان و خاوەنکارەکانیش تێیدا بەشدار دەبن.
بڕیاریشە ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی ئەم کۆنفرانسە پوخت بکرێن و لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاریان لەبارەوە بدرێت و دواتر ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوێک بۆ کاری هاوبەشی هەردوو کەرتەکە دەربکات و لە دوای پەسەندکردنی پەیڕەوەکە هەردوو کەرتەکە پێکەوە چەند پرۆژەیەکە بەڕێوە ببەن.

ئۆمێد خۆشناو: چاوپۆشی لە چاودێریی حکوومەت ناکەین

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان زانیاریی گرنگ لەسەر وەرزی یاسادانان ئاشکرا دەکات و بە پێویستی دەزانێت چاودێری لەسەر حکوومەت چڕ بکەنەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دوێنێ بڕی غازی پێویست بۆ شاری هەولێر گەیشت

قائیمقامی هەولێر: کێشەی غازی شلی ماڵان چارەسەر کرا

نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، لە بارەی کێشەی غازی شلی ماڵان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، دوێنێ کێشەکە چارەسەر کرا و قۆرخکارییەکان هەڵگیران. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری پەرەپێداندا پاڵپشتیی هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ دووشەممە وەزارەتی پلاندانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنامە و پەرەپێدان، پلانی ستراتیژیی 10 ساڵەی واژۆ کرا و ئەو ڕێکخراوەش یارمەتیی هەرێمی کوردستان دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عێراق.. پەیامی محەممەد عەللاوی بۆ خۆپیشاندەران:

کۆتایی دەهێنم بە پشکێشکێنەی سیاسی کە ئەوەش ترسی لای گەندەڵکاران دروستکردووە



سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، محەممەد تۆفیق عەللاوی ڕایگەیاند کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکات، چونکە لەلایەن ئەوانەوە داواکراوە بۆ ئەوەی ڕاسپێردرێت تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزیری ناوخۆ: هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر یاسا ڕووبەڕووی یاسایان دەکەینەوە

ڕێبەر ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەت، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵسان بە تایبەتی پۆلیسی نەوت و گاز کە هەم ڕاسپێردران کە کێڵگەکە بپارێزن، هەم پارێزگاری لە هاتوچۆی کۆمپانیاکە و گواستنەوەی غازی شل بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچی سەر کارەبا دەستی پێکرد

لە شاری هەولێر هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەستی پێکرد، دوای ئەوەی هەڵمەتەکە لەلایەن وەزیر کارەبا و وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێرەوە ڕاگەیەنرابوو، هەڵمەتەکە لە هەردوو گەڕەکی مامۆستایان (ئەمین عامەکان) و گەڕەکی (وەزیران) دەستی پێکرد، کە پێشتر ڕاگەیەنرا کە هەڵمەتەکە لەو گەڕەکانەوە دەست پێدەکەن کە قەبارەی خانووەکانیان گەورەیە و لەناو کۆمەڵگەدا بە دەستڕۆیشتوو ناو دەبرێن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەڵجیکا کۆبووەوە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان دەیەوێت فاکتەری ئارامی و سەقامگیری بێت لە ناوچەکە

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە بەڕێز فیلیپ گۆڤین وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریی بەڵجیکا کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەڵجیکای کرد بۆ پشتگیری و هاوکارییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا و دووپاتی کردەوە کە عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا پێویستییان بە بەردەوامیی هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێم و باڵیۆزی بەڵجیکا لە عێراق و ئوردن و شاندێکی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی بەڵجیکا ئامادەی بوون، دەربارەی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان خوازیارە هەموو کێشەکانی لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات و دەیەوێت فاکتەری ئارامی و سەقامگیری بێت لە ناوچەکە، هەروەها پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ داوای خۆپێشاندەرانی عێراق لە ژیانێکی باشتر و خزمەتگوزارییەکان، دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەڵجیکا ئارامی و سەقامگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی بە جێی بایەخی بەڵجیکا لە قەڵەم دا و ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە شەڕی دژی تیرۆر و هەوڵەکانی لەپێناو سەقامگیری و هێورکردنەوەی گرژییەکاندا و پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستان کرد و سوپاسی حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ حەوانەوەی ئاوارە و پەنابەران و پاراستنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان.

بڕەودانی زیاتر بە پەیوەندیی دوولایەنە، چارەنووسی گیراوانی داعش و خێزانی منداڵەکانیان لە کەمپەکان بەتایبەتی لە سووریا و چەند پرسێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوە و بەرگری بەڵجیکا دەکات

جەخت لە بەردەوامی پشتیوانیکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرایەوە

دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەڵجیکا کرد بە سەرۆکایەتی فیلیپ گۆڤین وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەڵجیکا کرد. لە دیدارێکدا، دواین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەڵجیکا تاوتوی کران. جەخت لە بەردەوامی پشتیوانیکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر.

وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەڵجیکا سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ میواندارییکردنی ئاوارە و پەنابەران و ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان بەتایبەتی لە بواری بازرگانیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی حکوومەتی بەڵجیکای کرد بۆ پشتیوانیکردن و ڕۆڵیان لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی شەڕ لە دژی داعش کە هێشتاش مایەی هەڕەشەن بۆ سەر دانیشتووانی چەند ناوچەیەکی عێراق.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی لە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پێشکەشکردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان.

وەزیری ناوخۆ: هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر یاسا ڕووبەڕووی یاسایان دەکەینەوە



ڕێبەر ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، هەوڵەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی غاز بەرهەمی هەبوو، لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵسان بە تایبەتی پۆلیسی نەوت و گاز کە هەم ڕاسپێردران کە کێڵگەکە بپارێزن، هەم پارێزگاری لە هاتوچۆی کۆمپانیاکە و گواستنەوەی غازی شل بکەن.

وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر یاسا و ئەو خەڵکەی لە کێڵگەکان کار دەکەن و غازی شل دەگوازنەوە، ئەوا بێگومان ڕووبەڕووی یاسایان دەکەینەوە و تا ئێستا کەس دەستگیر نەکراوە، بەڵام هەوڵەکان بەردەوامن.

وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد لەبارەی هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستنیشانکردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتی: بەدڵنیاییەوە بابەتی دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانێک لە عێراق، بەبێ ڕای پێکهاتەکان نابێت و هەر پێکهاتەیەک پشتگوێ بخرێت ئاسەواریی باشی نابێت و ئەو سەرۆکوەزیرانە ناتوانێت گوزارشت لە هەموو عێراقییەکان بکات ئەگەر کۆدەنگیی لەسەر نەبێت.

لێژنەی پێداچوونەوە بە پلانی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دروست دەکرێت

سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لێژنەی پێداچوونەوە بە پلانی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەماوەی یەک مانگدا کارەکانی تەواو دەکات.

عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران بە خەباتی ڕاگەیاند، پێداچوونەوە بە پلانی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەماوەی یەک مانگدا کارەکانی تەواو دەکات.

عەبدولحەکیم خەسرەو هەروەها ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران لێژنەیەکی باڵای بۆ پێداچوونەوە بە پلانە پێکهێناوە و بڕیارە لێژنەکە لە ماوەی مانگێکدا کارەکانی تەواو بکات. سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئاماژەی بەوەش کرد، کە مانگی 3ی ئەمساڵ (2020) ئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەکە پەسەند دەکات. ئەو پلانە سەرجەم سێکتەرەکان و فەرمانگە و وەزارەت و دامودەزگاکان دەگرێتەوە ولێژنەکە تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی کردووە.

ئۆمێد خۆشناو:

چاوپۆشی لە چاودێریی حکوومەت ناکەین




سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان زانیاریی گرنگ لەسەر وەرزی یاساداناں ئاشکرا دەکات و بە پێویستی دەزانێت چاودێری لەسەر حکوومەت چڕ بکەنەوە. ئۆمێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەرزی یاسادانانی پەرلەمان دەست پێ دەکات و لە 1ی 3 تا 1ی 4 دەتوانرێت پرۆژەیاسا پێشکەش بکرێت، ئێمەش لە فراکسیۆنی پارتی لەو ماوەیەدا لە ئامادەکاری داین لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکاندا و بەپێی ئەو نەخشەڕێگایە، ژمارەیەک یاسا ئامادە دەکەین و پێشکەشی دەکەین. ئێمە چاوەڕوانی هاتنی ئەو پرۆژانەش دەکەین کە لە حکوومەتەوە دێن تا ئامادەکارییان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کارنامەی حکوومەت پێویستی بە چەند یاسایەک هەیە، لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکە لە ئامادەکارییداین بۆ ئەوەی پرۆژەیاسای گرنگ لەگەڵ خواستی خەڵک و واقعی ئێستای کوردستان بگونجێنین. خۆشناو ئەوەیشی خستەڕوو: بەدڵنیاییەوە پەرلەمان و حکوومەت دوو شتی جیاواز نین، تەواوکار و هاوکاری یەکترن و، لەم کابینەی حکوومەتدا هەماهەنگی و لێگەیشتنی باشتر هەیە و بەجددی کاری لەسەر دەکرێت و، ڕێگا و ڕێچکەی یاسایی کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەماهەنگی و هاوکاریی باش هەبوو، ئەوە سڵکردنەوە لە چاودێریی حکوومەت هەیێت.

خۆشناو ڕاشیگەیاند: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی پێکهێنەری سەرەکیی حکوومەتین، بە دروستی چاودێریی حکوومەت دەکەین و بەدواداچوون چڕ دەکەینەوە و چاودێریمان چڕ دەکەینەوە و سەرۆکی حکوومەت و مەکتەبی سیاسیی خۆمان پشتڕاستیان کردووینەتەوە کە لای خۆمانەوە چاوپۆشی لە چاودێریی حکوومەت نەکەین.

عێراق.. پەیامی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ خۆپیشاندەران:

کۆتایی دەهێنم بە پشکپشکێنەی سیاسی کە ئەوەش ترسی لای گەندەڵکاران دروستکردووە



سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، محەمەد تۆفیق عەللاوی ڕایگەیاند کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکات، چونکە لەلایەن ئەوانەوە داواکراوە بۆ ئەوەی ڕاسپێردرێت تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت.

محەمەد تۆفیق عەللاوی لە هەڤماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەسبووک پەیامێکی ئاراستەی خۆپیشاندەران کردووە و تیایدا ئەوەی گوتووە "خۆپیشاندانەکان بە ڕەتکردنەوەی چینی سیاسی کە ولاتیان بەم ڕەوشەی ئێستا گەیاندووە ئەنجامی باشیان هەبووە، بەدڵ لەوەیش هەر بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان دەرکراوە و کۆمیسیۆنێکی نوێی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراوە، کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیرانیش ڕەتکراوەتەوە". عەلاوی باسی لەوەیشکردووە، ئەو یەکێک لەو پێنج کەسە بووە کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەربەخۆ و خۆپیشاندەرانەوە داواکراوبوو بۆ ئەوەی ڕاسپێردرێت تا تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت.

سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، محەمەد تۆفیق عەللاوی ڕایگەیاند کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکات، چونکە لەلایەن ئەوانەوە داواکراوە بۆ ئەوەی ڕاسپێردرێت تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت.

محەمەد تۆفیق عەللاوی لە هەڤماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەسبووک پەیامێکی ئاراستەی خۆپیشاندەران کردووە و تیایدا ئەوەی گوتووە "خۆپیشاندانەکان بە ڕەتکردنەوەی چینی سیاسی کە ولاتیان بەم ڕەوشەی ئێستا گەیاندووە ئەنجامی باشیان هەبووە، بەدڵ لەوەیش هەر بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان دەرکراوە و کۆمیسیۆنێکی نوێی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراوە، کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیرانیش ڕەتکراوەتەوە". عەلاوی باسی لەوەیشکردووە، ئەو یەکێک لەو پێنج کەسە بووە کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەربەخۆ و خۆپیشاندەرانەوە داواکراوبوو بۆ ئەوەی ڕاسپێردرێت تا تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت.

بە پشکپشکێنەی سیاسی کە ئەوەش ترسی لای گەندەڵکاران دروستکردووە، چونکە بەو شێوەیە هەوڵەکانی گەندەڵکاران بۆ گەندەڵی و دزین کۆتایی دێت، هەر بۆیە دەبێندرێت گەندەڵکاران بە خێرا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەیان کردووە دژبە من بۆ ئەوەی ڕەوشەکە ئاڵۆزتر بکەن و دووبەرەکی لەنێو خۆپیشاندەراندا دروست بکەن.

محەمەد تۆفیق عەللاوی داوا لە خۆپیشاندەران دەکات کە ڕێگە بە گەندەڵکاران نەدەن ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆزتر بکەن و میللی کاتژمێرەکە بگەڕێننەوە دواوە. جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو سەرکۆماری عێراق، بەرهەم سالح وەزیری پێشووتری گواستنەوە و گەیاندن، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپارد. محەمەد تۆفیق عەللاوی ماوەی یەک مانگی لە بەردەمدایە تا کابینەی حکوومەتەکەی پێکبهێنێت و متمانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت.

بەسەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکوومەت دەکەین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و بڕەودان بە پڕۆسەی چاکسازی

سەرۆکی حکوومەت: هیوادارین حکوومەتی داهاتووی عێراق، پابەند بێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور



پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/2/3 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی بەڕێزان مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، لە بالەخانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کۆبووەوە.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە بەڕێز سەرۆکی حکوومەت و کابینەی نێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و پشتگیریی خۆی بۆ هەنگاوەکانی حکوومەت دەربڕی سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و پڕۆژەکانی حکوومەت و بڕەودان بە پڕۆسەی چاکسازی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نوێەمدا و داوای کرد کە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەن.
بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی عێراق لەم دۆخە نائاساییەی ئێستا دەربچێت.
بەڕێزیان گوتی «خوازیارین کێشەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن». بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەوەی فاکتەرێکی سەقامگیریی بێت لەناوچەکەدا و پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێت لە سەر بنەمای ڕێزلەیەکگرتنی هاوبەش.
پاشان بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی لە کابینەی نێیەم و ئاماژەی بەوە دا لە پڕۆسەی چاکسازی بەردەوام دەبێت کە بەشێکی سەرەکیی کارنامەی کابینەی نێیەمە و لەپێناو هێنانەدی داپەڕەوەری و بۆ بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی هەرێمی کوردستانە.
دەربارەی دۆخی ئێستای عیراقیش، بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە «ئێمە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە هەوڵمان داوە کێشەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی چارەسەر بکەین و هیوادارین حکوومەتی داهاتووی عێراقیش پابەند بێت بەوە ڕێککەوتنانەی لە نێوانماندا هاتووەتە ئاراوە لەسەر بنەمای دەستوور».
پاشان بەڕێزان وەزیرانی تەندروستی و ناوخۆ ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا 2019 و ڕێکارەکانی خۆپارێزی و پێشگیری لەو ڤایرۆسە لە هەرێمی کوردستان خستە ڕوو، دووپاتیشیان کردەوە کە تا ئێستا هیچ کەیسێکی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە.

دڵشاد شەهاب:

ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژۆ دەکات



ڕووداو/
ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ئەمڕۆ سێ شەممە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژۆ دەکات و حکوومەت ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی پەلە بکات لە ئامادەکردنی یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کورستان.
دڵشاد شەهاب، ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لەوکاتەوەی یاسای چاکسازی لە پەرلەمان پەسندکراوە، دیراسەیەکی چاکی لەسەر کراوە، دیراسەکەش هەر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو پڕۆژەیاسایە هی حکوومەت بووە و پێشکەشی پەرلەمانی کردووە.
دڵشاد شەهاب، دەشڵێت: ماوەیەکی زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەو یاسایە کراوە، تێبینی و داواکاری هەبووە، زۆر شت گەیشتوون بە جەنابی سەرۆکی هەرێم، هەڵسەنگاندنی ورد بۆ هەموو لایەنەکانی یاسایەکە کراوە، ئەوەی زۆرتر جێگای مشتومڕ بووە لە یاسایەکە بابەتی خانەنشینی بووە، بەداخەوە بابەتی خانەنشینی وایلێکرا ببێتە تایتلێکی زۆر گەورەی ئەو یاسایە، لە ڕاستیدا ئەو یاسایە تەنها بابەتی خانەنشینی ناگرێتەوە، بەڵکو شتی دیکە زۆر باشی تێدایە بۆ ڕێککستنی کارگێڕی و دارایی، کە لە دواجاردا خزمەتێکی باش بە پڕۆسەی حکومڕانی و چاکسازی دەکات.
ڕاوێژکارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: دوا بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە یاسایەکە واژۆ دەکات و بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2020/02/04 واژۆی لەسەر بکات، لەگەڵ هەندێک لەو تێبینیانەی کە دەخرێنەڕوو مومکینە چارەسەر بکرێن، کە دووبارە پێویستی بە یاسا نییە، بۆ ئموونە لە بواری خانەنشینیدا کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی حکوومەت باسی لێوەکرا، جەنابیان حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە ئامادەکردنی یاسایەکی خانەنشینی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کورستان.
دڵشاد شەهاب، ئاماژە بەوەش دەدات "ئەگەر یاسایەکی یەکگرتوو هەبێت، بنەمایەکانی دادپەروەری لەنێوان پلە وەزیفییەکاندا پەیڕەو دەکرێت و هەر کەسێک بەپێی شایستە و خزمەت و بڕوانامەی خۆی سوودمەند دەبێت.

بەریتانیا: پابەندین بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان



ئەندرو مۆرەسن، وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمیانەی دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی بەریتانیا لەبارەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و پابەندیشن بە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە.
هەروەها مۆرەسن گوتیشی: لەمیانەی گفتوگۆیەکم لەگەڵ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییەم کردەوە. ئاماژەی بەوەشکرد، لە چوارچێوەی هاوکاریکردنی بەریتانیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بڕی 16 ملیۆن پاوەندی تەرخانکردووە، هەروەها بەشێک لەو هاوکاریانەش تایبەت دەبن بە ئەنجامدانی چاکسازیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری پەرەپێدانداپاڵپشتیی هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ دووشەممە وەزارەتی پلاندانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنامە و پەرەپێدان، پلانی ستراتیژیی 10 ساڵەی واژۆ کرا و ئەو ڕێکخراوەش یارمەتیی هەرێمی کوردستان دەکات.
لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕێکخراوی "بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپیدان "UNDP" لەمبارەوە بڵاوی کردووەتەوە هاتووە: یاداشتی لێکتێگەیشتنەکە چوارچێوەیەکی کار بۆ بەرەوپێشچوونی هەماهەنگی و جێبەجێکردن دەخاتەڕوو بەرەو بەدیهاتنی ئامانجەکانی پەرەسەندنی بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا وەک بەشێک لە هەوڵێکی بەرفراوانتر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەرەسەندنی بەردەوام لە عێراقدا. هەروەها جەخت لەسەر بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی و هەڵسەنگاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و چارەسەرکردنی بەربەستەکانی گواستنەوە لە قۆناغی قەیرانەوە بۆ پەرەسەندنی بەردەوام.
دیدگای 2030 لەگەڵ پرۆگرامی تازەی حکوومەت بۆ 2019 تاکو 2023 بۆ بەدەمەوەهاتنی پێشینەکانی چاکسازی و گەیاندنی خزمەتگوزاری و ئازادییەکان دیموکراسی و پێکەوەژیان و ئابووری و دارایی و ئەوانی تردا هاوتەریب دەکرێت.
بەشێوەیەک کە ڕەنگانەوەی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیانمان بێت."
نوێنەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عیراقدا، خاتوو زینە عەلی ئەحمەد، گوتی: «ئەجیندای جیهانی 2030 بۆ پەرەسەندنی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت کەس پشتگوێ بخرێت. ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە لەڕێگەی ئەم هاوبەشییە بەرفراوانەمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عیراقدا کار بۆ بەدیهێنانی دەکەین لە عیراقدا. بەردی بناغەی ئەم کارە لە میانی ئەو هەماهەنگییەی پێشووترمان و پشتیوانیمان بۆ دیدگای حکوومەتی هەرێمی دستاندا دامەزراوە. تەنها لەڕێگەی پەرەسەندنی بەردەوامەوە هەرێمەکە و عیراق ئاشتی و داوەری بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت».
یاداشتی لێکتێگەیشتنەکە چوارچێوەیەکی کار بۆ بەرەوپێشچوونی هەماهەنگی و جێبەجێکردن و چاودێریکردن دەخاتەڕوو بەرەو بەدیهاتنی ئامانجەکانی پەرەسەندنی بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا وەک بەشێک لە هەوڵێکی بەرفراوانتر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەرەسەندنی بەردەوام لە عیراقدا. هەروەها جەخت لەسەر بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی و هەڵسەنگاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و چارەسەرکردنی بەربەستەکانی گواستنەوە لە قۆناغی قەیرانەوە بۆ پەرەسەندنی بەردەوام.
دیدگای 2030 لەگەڵ پرۆگرامی تازەی حکوومەت بۆ 2019 تاکو 2023 بۆ بەدەمەوەهاتنی پێشینەکانی چاکسازی و گەیاندنی خزمەتگوزاری و ئازادییەکان دیموکراسی و پێکەوەژیان و ئابووری و دارایی و ئەوانی تردا هاوتەریب دەکرێت.

دیندار زێباری: بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش پێشوازی لە ڕاسپاردەکانی یۆنامی دەکەین

عێراق..
پاڵپشتی عادل عەبدولمەهدی لە محەمەد تۆفیق عەللاوی

سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاند کە پاڵپشتی لە سەرۆکوەزیرانی راسپێردراو، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرچی لەوبارەوە لەدەست بێت ئەنجامی دەدات. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە عادل عەبدولمەهدی و محەمەد تۆفیق عەللاوی کۆبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات کراوە ئەویش لە چوارچێوەی دەستوور و دیموکراتییەدا و لای خۆیەوە عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە پاڵپشتی لە سەرۆکوەزیرانی راسپێردراو، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرچی لەوبارەوە لەدەست بێت ئەنجامی دەدات. سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەیشکردووە کە لەئێستا بەدواوە هیچ بڕیارێک دەرناکات و دیدار و کۆبوونەوەش ئەنجام نادات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەرنامە و پلانی حکوومەتی داهاتوو دروست بکات.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو سەرکۆماری عێراق، بەرهەم سالح وەزیری پێشووتری گواستنەوە و گەیاندن، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپارد. محەمەد تۆفیق عەللاوی ماوەی یەک مانگی لە بەردەمدایە تا کابینەی حکوومەتەکەی پێکبهێنێت و متمانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت.



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات لە پرۆسەی دادگاییکردنی دادپەروەرانەی تیرۆریستانی داعشدا، پێشوازی لە ڕاسپاردەکانی یۆنامی دەکەین. ڕۆژی 28ی کانوونی دووەمی ساڵی 2020 نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) دوایین ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە دادگاییکردن بەپێی یاسای نەهێشتنی تیرۆر بڵاو کردەوە و تێیدا چەند تێبینی و سەرنجێک خراوەتە ڕوو دەربارەی سزای لەسێدارەدان لە عێراق کە تا ئێستا جێبەجێ دەکرێت.

لەمبارەوە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: پێشوازی لەو ڕاپۆرتەی یۆنامی دەکەین کە ئاماژە بە هەوڵەکانیان دەکەن لە چاودێریکردنی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، هەروەها ئەو ڕاسپاردانەی کە پێشکەش کراوە بۆ مەبەستی دادگاییکردنی خێرای تاوانبارانی داعش و پارastنی بنەماسەرەکییەکانی مافی مرۆڤ لەمیانەی پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا. لە ڕاپۆرتی یۆنامیدا ئاماژە بە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دراوە سەبارەت بە ڕەوشی دادگاییکردنی تاوانباران لە هەرێم، هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە هەرێم پیادە دەکرێن لەم ڕووەوە. لە بڵاوکراوەکەی خۆشیاندا ڕاپۆرتە وەڵامی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم بڵاو کراوەتەوە کە تێیدا باس لە پرۆسەی دەستبەسەرکردن و دادگاییکردنی تیرۆریستان لەڕووی یاساییەوە و ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان کردووە، هەروەها یۆنامی ئاماژە بەو بارودۆخە کردووە کە دوای ساڵی 2003 ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە بەتایبەتی هێرشە کردەوە تیرۆریستییەکان کە لەگەڵ هێرشەکانی داعش گەیشتنە لووتکە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم هاوکات گوتیشی: دوای ساڵی 2003 و ئەو ئارامییەی کوردستان بەخۆیەوە بینی تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستان و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێکیان دا، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگەگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم چەند ڕێوشوێنێکی کرداری و یاساییان ئەنجام دا، لەوانە دەرکردنی یاسای دژە تیرۆر بوو، بەپێی ئەم یاسایە تا ڕۆژی 2017/8/22 بەپێی ئامارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر 675 کەس بە گومانی تیرۆر دەستگیر کراون، لەوانە 56 کەس بێتاوان دەرچوون و ئازاد کراون،619 کەس حوکمیان بۆ دەرچووە و سزاکانیشیان. لە دهۆکیش 1594 کەس دەستگیر کراون، لەوانە616 کەس بێتاوان دەرچوون و ئازاد کراون، 522 لەژێر لێکۆڵینەوەدان، 456کەس حوکمی دادگایان بۆ دەرچووە. سەبارەت بە ئامارەکانی پاریزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی 2014 و 2017 بەپێی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی 35 کەس دەستگیر کراون لەوانە 20یان ئازادە، هەروەها لە ماوەییەدا لە سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانی22 کەس دادگایی کراون و سزاکانیشیان لە بەندکردن تاکوو سزای لەسێدارەدان بووە.

د. دیندار زێباری لە کۆتایی لێدوانەکەیدا سەبارەت بە ئەشکەنجەدان و سزای لەسێدارەدان گوتی: لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا بەرکارەکان ئەشکەنجەدان و هەڕەشەکردن لە ڕاگیراوان بە مەبەستی وەرگرتنی دانپێدانان قەدەغەیە ئەگەر تۆمەتبارەکە بە هەر تاوانێک ڕاگیرابێت و ئەو کەسەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدات ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە.

سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان بە مەبەستی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و جێبەجێ ناکرێت تەنیا لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ڕای گشتییەوە هەیە و لەبڕی ئەو هەوڵدراوە سزاکە کەم بکرێتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی2019 چەندین حوکمی لەسێدارە دەرچووە بێ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، لەوانە 45 سزای لەسێدارەدان، هەروەها13 کەیس لە سزای لە سێدارەدان سزاکانیان سووک کراوە.

ئۆسلۆ... سیمینارێک بۆ پەرلەمانتار د. ڕێبوار بابکەیی بەڕێوەچوو



ئۆسلۆ ـ یونس حەمەد

بەمەبەستی تیشک خستنە سەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان بە تایبەت ئەوانەی تایبەتن بە ڕەوندی کوردستانی ، لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕەوندی کوردستانی و نوێنەری پارت ولایەنەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری سیمیناریک بەسەرپەرشتی قوتابخانەی کوردی لە نەرویج و سەنتەری سەفا بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەچوو، لەم سیمینارەدا سەرەتا لەلایەن بورهان فارس گەردی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوردی لەنەرویج و سەنتەری سەفا وتاری بەخێرهێنان پێشکەشکرا وێڕای ئاماژەکردن بە چەند تەوەرێکی گرینگ چ سەبارەی بە ڕەوەندی کوردستانی یاخود قوتابخانەی کوردی لە نەرویج، دواتر ڕێبوار بابکەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردستانی لەسەر چەندین تەوەر کە تایبەت بوون بە ڕەوەندی کوردستانی و ئاماژەی بە ڕێکارە یاساییەکان کرد کە پەرلەمان لە ئایندەدا بۆ ڕێکخستنی ڕەوەندی کوردستان دەیخاتە ڕوو تاوەکو بەشێوەیەکی یاسایی بابەتەکانی کوردانی تاراوگە لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کورسستان پەیڕەو بکرێت.

هەر لەم میانەدا سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی ئاست و توانەکانی کوردانی دووەم وڵات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گرینگ و پێویستە ڕەوەندی کوردستانی بایەخ بە کولتوور و داب و نەریتی ڕەسن بدەن وێڕای فێربوونی زمانی کوردی کە تەوەرێکی گرینگ وپڕ بایەخە کە دەبێت منداڵانی کورد فێربکرێن، پرسی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بابکەیی هەڵوەستەی لەسەر چەند خاڵ و تەوەرێک کرد کە پێویستە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بە یاسا کە پەرلەمانی کوردستان لایەنێکی تەشریعیە ئەو پرسە هاوشان لەگەڵ پرسی ڕەوەندی کوردستانی یەکلای بکاتەوە و ڕێکی بخات. پرسیار و پێشنیاری بەشداربووان لایەن و تەوەرێکی دیکەی سیمیناریکە بوو تیایدا چەندین بیروو بۆچوون خرانە ڕوو بە تایبەت چاککردن یاخوود ڕێکخستنی ڕەوەندی کوردستانی لە وڵاتان. پاشان ڕێبوار بابکەیی وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی سیمینارەکەی دایەوە.

فەرماندەیەکی دیکەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران لە سووریا کوژرا

/K24

ڕادیۆی دەنگی تاران کوژرانی ئەسغەر پاشاپوور، فەرماندەی دیاری فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە سووریا ڕاگەیاند و ئاشکرایکرد. ڕادیۆ ئێرانییەکە ئاشکراشیکرد، "پاشاپوور لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە نزیک شاری حەلەب کوژراوە".

ئاماژەی بەوەشدا: ئەو فەرماندەیەی فەیلەقی قودس خەڵکی شاری ڕەی پاشاووری تارانە و لەگەڵ یەکەم کاروانی سەربازانی ئێران کە بۆ جەنگ چوونەتە سووریا ، بە یاوەری قاسم سولەیمانی، فەرماندەی کۆژراوی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران چووتە ئەو وڵاتە.



لەلایەکی دیکەوە کەنالی "عالەم"ی ئێران ڕایگەیاند، پاشاپوور یەکێک لە سەرکردە هەرە دیارەکانی فەیلەقی قودس بووە و بەرپرسی ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بووە لە سووریا.

کوشتنی ئەسغەر پاشاپوور دوای تەنیا مانگێک بەسەر کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران دێت، کە لە 3ی مانگی ڕابردوو لە هێرشێکی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمەریکادا لەگەڵ ئەبو مەهدی موهەندیس، جێگری دەستەی گشتیی حەشدی شەعبی لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا کرانە ئامانج.

ئامەد.. کەسێک بەهۆی ئەنفلوەنزای بەراز گیانی لەدەست دا

لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، کەسێک بەهۆی نەخۆشیی ئەنفلوەنزای بەراز گیانی لەدەست دا و دکتۆرێکیش هوشیاری دەدات و دەڵێت، لەجیاتی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، ڕێووشوێنی پێویست بۆ پێشگیری لە ئەنفلوەنزای بەراز بگیرێتەبەر. د. عەبدولڕەحمان شەنیگیت، ئەندامێ دەستەی پەروەردە لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی دیجلە لە شاری ئامەد ، بە ئاژانسی (ئیخلاس)ی تورکی ڕاگەیاندووە، چەند ڕۆژ پێش کەسێک لە دیاربەکر لەبەر نەخۆشیی ئەنفلوەنزای بەراز گیانی لەدەست داوە . ئەو دکتۆرە هەروەها ڕاشیگەیاندووە: ئێستاش کەسێک لە شاری (باتمان)ی باکووری کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە بووە و لەڕێ چاودێریی چڕ دایە.

بە گوتەی ئەو دکتۆرە، نەخۆشیی ئەنفلوەنزای بەراز ڕۆژ لە دووای ڕۆژ لە تورکیا زیاتر بڵاودەبێتەوە، لەبەر ئەوەش دەبێ بەرپرسانی حکوومەت و تەندروستی لەجیاتی ڕێگری لە نەخۆشیی کۆرۆنا، چارەسەرێک بۆ ئەو نەخۆشییە ببینننەوە، چونکە خەریکە دەبێتە مەترسی لەسەر هاووڵاتیانی.

سزای زیندانیکردن بەسەر هەشت چالاکوانی ئێرانیدا سەپێندرا

دادگای مەشهەد سزای زیندانی بەسەر هەشت چالاکواندا سەپاند کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی "خامنەیی"یان کردبوو، ماوەی زیندانی کردنەکانیشیان لە نێوان یەک بۆ26 ساڵ دایە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی چالاکوانانی مافی مرۆڤی ئێران، دادگاییکردنی ئەو هەشت چالاکوانە کۆتایی هاتووە کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕابەری ئایینی ئێران، "عەلی خامنەیی"یان کردبوو. بەپێی هەواڵەکە دادگای مەشهەد بەتۆمەتەکانی "سووکایەتیکردن بە پاریزەرانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و سەرکردەکانی وڵات، بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی، هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنە بیانییەکان، ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نایاسایی" سزای بەندکردنی بەسەر ئەو چالاکوانانەدا سەپاندووە.

ماوەی سزای ئەو چالاکوانانە لەنێوان یەک بۆ 26 ساڵ دایە و بەم شێوەیەیە عەبدولڕەسول مورتەزاوی بە 26 ساڵ، هەریەکە لە محەمەد حسێن سەپهەری و فاتمە سەپهەری بە شەش ساڵ، هاشم ڕەزایی، محەمەد حسێنپور و مورتەزا قاسمی هەریەکەیان بە ساڵێک، هاشم حاستار بە 16 ساڵ زیندانی، سێ ساڵ دوور خستنەوە و سێ ساڵ قەدەغەی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، محەمەد نوریزاد بە 15 ساڵ زیندانی و سێ ساڵ دوورخستنەوە و سێ ساڵ قەدەغەی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات سزادراون.

ئەم بڕیارەی دادگای مەشهەد دوای ئەوە هات کە ئەو هەشت چالاکوانە لە مانگی ئابی 2019دا و لە نامەیەکی هاوبەشدا داوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕابەری ئایینی ئێران، عەلی خامنەییان کردبوو.

سلێمانی..
پیاوێک خۆی و ژنەکەی و خەسووی دەکوژێت



وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، لە گەڕەکی هەواری شار پیاوێک خۆی و ژنەکەی و خەسووی کوشتووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند: کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2020/2/3 لە گەڕەکی هەواری شار ڕوویداوە، پیاوێک بە دەمانچە هاوسەر و دایکی هاوسەرەکەی کووشتووەو ، دواترش خۆی کووشتووە.

وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتیشی: دوای ڕووداوەکە، هێزەکانی پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکەو لێکۆڵینەوەش لەو بارەیەوە دەستپێکردووە.

چین... قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە 361 کەس

بەهۆی ڤایرۆسەکەوە بۆرسەی چین بە ڕێژەی 370 ملیار دابەزیوە



دوابەدوای پشوویەکی درێژ، ئەمڕۆ دووبارە بۆرسەی چین کرایەوە، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. تا ئێستا 361 کەس لە چین بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و 17 هەزار و 205 کەسی دیکەش تووشی ڤایرۆسەکە بوون کە زۆشی تەندروستی دوو هەزار و 296 کەسیان دژوارە. دوای ئەوەی پشووەکانی سەری ساڵی چینی کە لە 24ی کانوونی دووەمەوە دەستیان پێکردبوو دوێنێ کۆتایی هاتن، نیشاندەری بازاڕی ماڵ و دارایی شانگهای بە ڕێژەیەکی بەرچاو داشکانی بەخۆیەوە بینی .نیشاندەرەکە لە کاتی دەستپێکردنەوەی دەوامدا نزیکەی سەدا نۆی بەهاکەی لەدەستدا و لە 18ی شوباتی 2019دەوە تا ئێستا نزمترین ئاستی تۆمار کرد. لە کاتی کۆتایی هاتنی دەوامیشدا ڕێژەکە بووە سەدا 8,2.

لەسەرەتای ڕۆژەکەشدا نرخی یەک دۆلاری ئەمەریکی6,93 یوان بوو، بەڵام لە کۆتایی ڕۆژەکەدا بۆ 7.02 بەرزبووەوە، بەم شێوەیە بەهای دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر یوانی چینی بە ڕێژەی سەدا 1,2بەرزبووەوە. بانکی ناوەندی چین بۆ کەمکردنەوەی ئەو شلەژاوییەی لە بازاڕ دروست بووە 1,2 تریلیۆن یوانی خستە بازاڕەوە کە دەکاتە نزیکەی 173 ملیار و 800 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی. هەروەها ڕێژەی سووی حەوت ڕۆژی لە 2,50وە بۆ 2,40 و ڕێژەی فایزی 14 ڕۆژی لە 2,65وە بۆ 2,55 کەمکردەوە.

بەگوتەی چاودێران شتێکی چاوەڕوانکراو بووە کە یەکەم کاردانەوەی چین بەرامبەر ئەو نەخۆشخانەیەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بە 10 ڕۆژ لە پەکینی پایتەختی چین دروست کرا، کرایەوە. تەلەڤیزیۆنی ناوەندی چین بڵاویکردەوە کە ئەو نەخۆشخانە هەزار قەرەوێلەییەی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دروستکراوە، کتومت بەشێوەی ئەو نەخۆشخانەیە نەخشەسازی بۆ کراوە کە بەهۆی نیشانەکانی تێکچوونی کتوپڕ و توندی ڕێڕەوی هەناسەدان لە2003 لە پەکین دروست کرابوو. ئەو نەخۆشخانە دوو نهۆمییە کە ڕووبەرەکەی 50 هەزار مەتر چوارگۆشەیە لەلایەن حەوت هەزار تیمی پیشە جیاوازەوە دروستکراوە و 30 یەکەی چاودێری چڕی پزیشکی لەخۆ دەگرێت.

چین.. کردنەوەی نەخۆشخانەی کۆرۆنا

بونیاتنانی نەخۆشخانەیەکی هەزار و 500 قەرەوێلەییش لە وهان بەردەوامە کە پێشتر ڕاگەیەندراوە لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواو دەکرێت. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووش لە ڕێگای هەشت فڕۆکەوە لە چوار شاری جیاوازی چین، هەزار و 400 کارمەندی سەربازی پزیشکی هێندرانە نەخۆشخانەکە.

تەقاندنەوەی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی نێوان میسر و ئیسرائیل

میدیاکانی ئیسرائیل بڵاویانکردەوە کە هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی لەنێوان وڵاتەکەیان و میسر لە پارێزگای باکووری سینا باکووری ڕۆژهەڵاتی میسر لە بازاڕ کاردانەوەیەکی توند بێت و پێشبینیش دەکرێت بەرپرسانی پەکین بەردەوامبن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە قوڵبوونەوەی کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر بازاڕی کار.

تەقاندووەتەوە. ئەو هێڵە دەکەوێتە ناوچەی بئیر عەبد سەربە پارێزگای باکووری سینا باکووری ڕۆژهەڵاتی میسر.

ئەمەیش داوای ئەوە دێت کە لایەن گرووپە چەکدارەکانەوە تەقێندراوەتەوە. کەنالی "کان"ی ئیسرائیلی پشتبەستن بە میدیاکانی میسر بڵاویکردووەتەوە کە گرووپە چەکدارەکان هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی نێوان هەردوو وڵاتیان لایەنی گرووپەکە ڕایگەیاندووە کە هێرشەکەیان بۆ ئەوە بووە سزای ئیسرائیل بدەن لەسەر ڕاگرتنی وزەی غازی سروشتی بۆ میسر کە ئەو هەنگاوە خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەردوو وڵات دەکات. بەپێی ڕێککەوتنی 2019ی نێوان ئەو کۆمپانیایانەی کارپێکردنی کێڵگەکانی غازی سروشتی لویاسان و تامار-ی سەربە ئیسرائیل-یان لەدەستدایە لەگەڵ کۆمپانیای دۆلفینۆس-ی میسر، ئیسرائیل بەدرێژایی 15 ساڵ بە بەهای 19.5 ملیار دۆلار، 85 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هەنارەدەی میسر دەکات.

لایەنگرانی سەدر تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن

عێراق.. ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکان گەیشتە 556 کەس

کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند، ئەوەی بەبەڵگەکردووە کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا، تا ئێستا 556 کەس کوژراون. لەوبارەوە ئەندامی کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی لە ڕایگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربە کۆمسیۆنەکەیان، لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە ئەنجامدەدرێن و تا ئێستا بەردەوامە، 556 کەس کوژراون.

عەلی بەیاتی ئەوەشی گوتووە: هەر کەسێک گومانی لەوە ژمارەیەدا هەیە، با وەلامی هەبێت و ژمارە ڕاستەقینەکە بۆ ڕای گشتی بڵاوبکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە پێشتر ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و سەرکۆماری عێراق، بەرهەم سالح، ڕایانگەیاندبوو، لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا ، 600 کەس کوژراون.

لەلایەکی دیکەوە، لە ژمارەیەک شاری باشووری عێراق، لایەنگرانی ڕەوتی سەدر کە بە "کلاو شینەکان"ناسراون، تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکەن بۆ ئەوەی ناچاریان ڕێگا، قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە فەرمییەکان بکەنەوە. ئەوەیش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی یەکشەممە خۆپیشاندەرانی عێراق ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت فراوانتر کرد کە لەمیانیدا ڕێگا سەرەکییەکان، قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە فەرمییەکانیان داخستبوو.

لەوبارەوە شایەتحاڵەکان لە شاری ناسریە بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕایگەیاندووە کە "کلاو شینەکان" لە ناوەڕاستی شارەکە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن. ئاماژەیان بەوەش کردووە کە خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی نەجەف لەلایەن کلاو شینەکانەوە لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان دوور خراونەتەوە کە بە هۆیەوە دووبارە ڕێگە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی شارەکە بە ڕووی هاتوچۆدا کراونەوە.

لە شاری ناسریە ناوەندی پاریزگای زیقار-یش بە هەمان شێوە "کلاو شینەکان" بە تەقەکردن، خۆپیشاندەرانیان لە قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە حکومییەکان دوورخستەوە و دووبارە ڕێگا داخراوەکانیان بە ڕووی هاتوچۆدا کردەوە.

لەوبارەوە خۆپیشاندەرێکی ناسرییە بە ناوی مونشد سەلامی گوتی: کلاو شینەکان تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن بێ ئەوەی هێزە فەرمییەکان هیچ دەستوەردانێک لەوبارەوە بکەن. لەلایەکی دیکەوە شایەتحاڵەکان لە شاری حیللە ناوەندی پاریزگای بابل بۆ ئاژانسی ئانادۆلو ئاشکرایان کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و "کلاو شینەکان" لە شارەکەدا ڕوویداوە.



شارەکە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن. ئاماژەیان بەوەش کردووە کە خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی نەجەف لەلایەن کلاو شینەکانەوە لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان دوور خراونەتەوە کە بە هۆیەوە دووبارە ڕێگە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی شارەکە بە ڕووی هاتوچۆدا کراونەوە.

لە شاری ناسریە ناوەندی پاریزگای زیقار-یش بە هەمان شێوە "کلاو شینەکان" بە تەقەکردن، خۆپیشاندەرانیان لە قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە حکومییەکان دوورخستەوە و دووبارە ڕێگا داخراوەکانیان بە ڕووی هاتوچۆدا کردەوە.

لەوبارەوە خۆپیشاندەرێکی ناسرییە بە ناوی مونشد سەلامی گوتی: کلاو شینەکان تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن بێ ئەوەی هێزە فەرمییەکان هیچ دەستوەردانێک لەوبارەوە بکەن. لەلایەکی دیکەوە شایەتحاڵەکان لە شاری حیللە ناوەندی پاریزگای بابل بۆ ئاژانسی ئانادۆلو ئاشکرایان کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و "کلاو شینەکان" لە شارەکەدا ڕوویداوە.

ڕووسیا داوا لە تورکیا دەکات میلیشیا ئیسلامییەکانی سەر بە سوپاکەی کۆنترۆڵ بکات

ژمارەی کوژراوانی سەربازانی تورکیا لە ئیدلیب بۆ شەش سەرباز بەرزبووەوە



خەبات ـ مەریوان تەقشبەندی

دوێنێ وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، سوپای سووریا بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیای لە گوندەوارەکانی ئیدلیب تۆپباران کردووە و بەهۆیەوە شەش سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لەکاردانەوەیەکیشدا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان تەئکیدی لەسەر ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی زیاتر دژی هێزەکانی سەر بە بەشار ئەسەد لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا کردەوە و دوێنێ ئاشکرای کرد کە تۆڵەی کوژرانی سەربازە تورکەکان لەسووریا قورس دەبێت. ئەردۆگان لە فڕۆکەخانە پێش سەفەرکردنی بۆ ئۆکرانیا قسەی بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد و گوتی: هێزەکانی سووریا 4 سەربازی ئێمە و کەسێکی مەدەنیان کوشتووە و لەوەڵامدا موشەکبارانی هێزەکانی سووریامان لەناو خاکی سووریا کردوە و بەپێی زانیاریە سەرەتاییەکان جگە لەخاپوورکردنی چەندین پێگەی سەربازی سووریا لەریفی ئیدلب"بەدیان سەربازی سووریامان کوشتووە و تەئکیدیشی کردەوە کەوا پرۆسەی سەربازی و ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا لە باکووری سووریا درێژە پێدەدەین و دەبێ بەشار ئەسەد بزانێ باجی ئەو سەرکێشیە و کوژرانی سەربازەکانمان لەسووریا ئێجگار قورس دەبێت. هەر لەسەر ئەم پێشهاتە سەربازییەش ڕووسیا کاردانەوەی خۆی پیشاندا و داوای لە تورکیا کرد میلیشیا ئیسلامییەکانی سەر بە سوپاکەی کۆنترۆڵ بکات. هەر دوێنێ دووشەمە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا نیگەرانی خۆی لەم ڕووداوانە دەبڕی و داوای لە تورکیا کرد میلیشیا ئیسلامییەکانی سەر بە سوپاکەی کۆنترۆڵ بکات کە بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆ سەقامگیریی خەڵکی سووریا بەگشتی.

چالاکییەکانی ناتۆ لە عێراق فراوانتر دەکرێت



وەزارەتی بەرگریی عێراق بڵاویکردەوە کە کار و چالاکییەکانی ناتۆ لە قۆناغی داهاتوودا لە وڵاتەکەیدا، فراوانتر دەکرێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی بەرگریی کە سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریقی یەکەم عوسمان غانمی لەگەڵ سەرۆکی نێردەی ناتۆ لە عێراق، جەنەرال جینی کاردینیا کۆبوونەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کارو چالاکییەکانی ناتۆ لە قۆناغی داهاتوو لە عێراق فراوانتر بکرێت بە تایبەتیش لە ڕووی ڕاهێنان و مەشقکردن و ڕاوێژکارییەوە ئەگەر دووبارە ڕەزامەندی نیشاندرایەوە لەسەر ئەوەی کارەکانی ناتۆ لە عێراق دەست بێ بکرێتەوە.

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاشیگەیاندووە کە هەر لە کۆبوونەوەکەدا، کارەکانی ڕابردووی ناتۆ لە عێراق هەڵسەنگێراوە و بە پێویستیش زانراوە کە بە هاوبەش کار بکرێت بە ئامانجی پێشخستنی تواناکانی سوپای عێراق. لە ئێستادا، 500 سەربازی ناتۆ لە سەر داوای حکوومەت لە عێراق بۆ ڕاهێنان و مەشقپێکردنە بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

کێشەی غازی شلی ماڵان چارەسەر کرا



دوای دروست بوونی کێشە لە نەهاتنی غازی شل لە کۆرمەڕەوە بۆ هەردوو شاری هەولێر و دهۆک، دوێنێ نەبەز عەبدولڕەمید، قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، لە بارەی کێشەی غازی شلی ماڵان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی هەموو شتێک بۆ هاوواڵتیان ڕوونکرایەوە، وەکو ئیدارەی شاریش هۆکارەکانمان ڕوونکردەوە، کە ڕێگری لە کۆمپانیای ئێستا کراوە غازی شلی ماڵان دابەش بکات، دوێنێ کێشەکە چارەسەر کرا و قۆرخکارییەکان هەڵگیران.

قائیمقامی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو، دوێنێ خودی سەرۆکی حکومەت هاتە سەر هێڵ و بە توندی ڕێگری لە قۆرخکارییەکان کرد و(ئەمڕۆ) بڕی غازی پێویست بۆ هەولێر گەیشتووە.

ئامادەی بەوەشکرد، ئەمڕۆش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر هاوواڵتیان لە گەڕەکە جیاوازەکانی هەولێر بە سەربەرشتی پارێزگار میکانیزمێک دانراوە بۆ ئەوەی دابەش بکرێت، نوێنەری چاودێری بازرگانیش لەگەڵ بریکارەکان غاز دابەش دەکەن.جەختی لەوەش کردەوە، سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمیش هاتنە سەر هێل بۆ چارەسەری کێشەکە، پێویستیشە کەسانی سەرپێچیکار ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

قائیمقامی هەولێر ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە شاری هەولێر لە هاوینان پێویستی بە 250 تۆن و زستانانیش پێویستی بە زیاتر لە400 تۆن غازی شلە.

وەزیری ئەوقاف: بونیادنانی ئاشتی و پێکەوەیی کردارێکی هەمەلایەنەیە پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان پێکەوە کار بکەین



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان . شاندەکە پێکهاتبوو لە خاتوو لانە سەرۆکی لێژنەو ژمارەیەک لە ئەندامانی فراکسیۆنە جیا جیاکانی پەرلەمانی کوردستان،

وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند پێویستە ئافرەتانی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەنگیان بەرز بێت هەموشمان پێکەوە داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ و پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی و پێکهاتەیی لەکوردستاندا بکەین و چاوپۆشی لەهیچ کەسێک ناکەین کە دژی پێکەوەیی و گیانی خۆشەویستی بێت، نابێت بەهیچ شێوەیەک جیاکاری و جیاوازی ڕەگەزیی بوونی هەبێت، بۆ ئەمەش وەزارەت بەپێی ڕێنمایی و یاساکان مامەڵە دەکات، جگە لەمەناشە پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەرکێکی هەمەلایەنەیە بۆ ئەمەش کارکردنی هەموو لایەکی پێویستە. چەندین بیرۆکەی هاوچەرخیش هەن کە دەبنە مایەی بەرەودان بەم بوارەو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی.

لەبەرامبەردا سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی داکۆکیار لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان سوپاسی هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیان کرد لەمەڕ پەرەپێدان و ڕێکخستنەوەی بواری گوتارو گرێدانی ئەو زنجیرە کۆنفرانس و کۆنگرانەی تایبەتن بە بەبواری پێکەوەژیانی ئایینی و پێشخستنی تواناکان. ئەمە وێرای خستنەڕووی چەند خاڵێکی پەیوەندار و پاشان داوای دروست کردنی پەیوەندیەکی بەهێزتریان کرد لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف کرد. لەبەرامبەردا وەزیری ئەوقاف ئامادەیی وەزارەتی نیشاندا بۆ هەر هەماهەنگی و کارکردنێکی پێکەوەیی بە ئامانجی پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرەودان بەگیانی خۆشەویستی نێوان هەموو پێکهاتەو چین و تۆژەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

لیوا زریان: داعشەکان بە ئاشکرا لە سنووری قەزای مەخموور دەردەکەونەوە



لیوا زریان شێخوەسانی، فەرماندەی پێشمەرگە لە مەخموور، گوتی: تیرۆریستانی داعش ماوەیەکە بە ئاشکرا لە سنووری قەزای مەخموور دەردەکەون و هاتوچۆی ناوچەکە دەکەن، ئەگەر پێشیان لێ نەگیرێت، بێگومان مەترسێن بۆ سەر خەڵکی مەخموور، چونکە ئەو ناوچانە پێشمەرگەی تێدا نییە و داعشیش جوواڵەی زیاد کردووە. شێخوەسانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، پێشتر فڕۆکەی هاوپەیمانان بەردەوام لە چیای قەرەچووغ و دەشتی مەخموور پێگەکانی داعشیان دەکردە ئامانج ئەو بۆردومانانەش کاریگەری لەسەر زیادبوون و جوواڵەی داعشەکان هەبووە. ناوبراو دەشڵێت: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ئامادەباشیدان بۆ وەاڵمدانەوەی هەر هێرشێکی تیرۆریستانی داعش و بەردەوام ئێمە لە سەنگەرەکانی پێشەوە چاودێریی جوواڵەی چەکدارانی داعش لە دەکەن.

د.بەشیر حەداد: پێویستە ئەو 2 هەزارو 841 پلە دامەزراندنەی پەروەردەی کەرکووک بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر پێکهاتەکاندا دابەش بکرێنەوە



دوای ئەوەی هەریەک لە بەڕێرسانی گشتی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک، بانگهێشتی لێژنەی پەروەردەی ئەنجومەنی نوێنەران کران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو 2 هەزارو 841 پلە دامەزراندنەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە حکومەتی فیدراڵەوە درابوونە پەروەردەی کەرکووک، بەاڵم لە دابەشکردنیاندا ڕەچاوی قەبارەی پێکهاتەکان نەکرابوو، ئەو بڕیارە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە هەڵوەشێنرایەوە.

دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەوان ڕۆژی سێشەمە 2020/1/14 هەریەک لە نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووکیان بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کرد بوو بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیان لەسەر ئەو میکانیزمەی کە لە دامەزراندنەی پلە وەزیفەکانی ئەمساڵ دا گرتوویانە بەر پێ بدەن و کێشەی ئەو 2 هەزارو 841 پلە وەزیفەش کە بۆ پەروەردەی کەرکووک دانراوە چارەسەر بکەن، بەشێوەیەک کە دادپەروەریی تێدا ڕەچاو بکرێت و بە هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەکان بەپێی قەبارەی خۆیان دابەشیان بکەن.

حەداد ڕاشیگەیاند، هەڵوەشاندنەوەی ئەو پلە وەزیفیانە بە هەما هەنگی و هەوڵی پەرلەمانتارانی کەرکوکی ئەنجومەنی نوێنەران بووە و، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێوستە جارێکی دیکە و سەرلەنوێ ئەو پلە وەزیفیانە بەسەر پێکهاتەکانی کەرکووک و هەریەکە و بەپێی قەبارەی خۆی دابەش بکرێنەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتیشی: کەرکووک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهۆی ئەوەی چەندین پێکهاتەی جیاوازی تێدا دەژیت، ئەوەش وادەکات کە لەهەموو دامەزراندنەکان لە وەزارەت و دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت پێویستی بە هاوسەنگی هەبێت.

دکتۆر بەشیر حەداد ئاماژەشی بەوەدا، ئەوان ڕێگری لە هەر ناددپەروەرییەک دەکەن کە لە کەرکووک دا بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو شارە بە کورد و تورکمان و کریستیان و عەرەبەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە بژین و گوتی: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کەرکووک لای ئێمە زۆر گرنگە، لەبەرئەوە کەرکووک کاریگەری لەسەر ئاسایشی عێراق بەگشتی هەیە.

پاسپۆرتی هەولێر ئاگادارییەک بڵاو دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتی هەولێر، ئاگادارییەکی بۆ ئەو کەسانە بڵاوکردەوە، کە مامەڵەی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرتیان کردووە.

دوێنێ دووشەمە 2020/2/3 بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتی هەولێر، ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە و تێیدا ئاگاداری ئەو هاوواڵتییانە کراوەتەوە، کە پێش بەرواری 2020/2/1 مامەڵەی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرتیان کردووە، بەزووترین کات سەردانی نووسینگەکانی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر نووسینگەی یەک – نووسینگەی دەوروبەر بکەن، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەکانیان.

ڕێڤەبەرێ نوو یێ ئاڤا دەوروبەران دەست ب کار بوو



دچارچوڤێ وان گوهوڕینێن بەردەوام دناڤ دام و دەزگەهێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل سنورێ پارێزگەهێ دا دهێنەکرن دوهی ئێڤاری 2020/2/3 ب ئامادەبونا بەهەزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ڕێ و رسمێن گوهورینا ڕێڤەبەرێ ئاڤا دەروبەران هاتنە گێران و ئەندازیار خەلات ئەبابەکر ل شوینا ئەندازیار دیندار محمد سلیم هاتە دانان.

دڕێ و رسمێن گوهورینێ دا جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ سوپاسیا ڕێڤەبەرێ بەرێ کر ل دور ئەو خزمەتا ل هەشت سالێن بوری پێشکێشکری هەروسا پیروزباهیا ڕێڤەبەرێ نوو کر وهیڤی یا سەرکەفتنێ بو خواست و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ و داخاز ژستافێ کاری کر کو دگەل ڕێڤەبەرێ نوو دهاریکارین بو وێ یەکێ باشتر خزمەتێ پێشکێشبکەت.

ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ نوو سوزدا کو ئەو ل جهێ وێ باوەرێ بێت یا پێ هاتیە ڕاسپاردن و کار و خزمەتێ ب دلسوزی پێشکێش بکەت.

وەزارەتی ناوخۆ گۆڕانکاری لە مۆڵەتی شۆفێری تاکسیدا دەکات

مۆڵەتی شۆفێری تەکسی نوێیەکە دەدرێتە شۆفێری تەکسی بەبێ وەرگرتنی ڕسومات



بەپێی نوسراوێکی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی تاکسیەکان لە هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە گۆڕانکاری کردن لە مۆڵەتی شۆفێری خاوەن تاکسییەکان.

بەپێی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بڕیاردرا بە هەر شۆفێرێکی تاکسی دوای ئەوەی بایۆمەتری و ڕێکارەکانی دیکە کە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دەدات دەبێتە شۆفێری تاکسی ڕێگەپێدراو و مۆڵەتی شۆفێریە کۆنەکەی بۆ دەگۆڕدرێت بە مۆڵەتێکی نوێ بە دەستەواژەی (اجازە سوق الاجرە). مۆڵەتی شۆفێری تەکسی نوێیەکە دەدرێت بە شۆفێری تەکسی بەبێ وەرگرتنی ڕسومات لەبەر ئەوەی ئەو مۆڵەتەی پێشتر هەیبووە ڕسوماتی لێوەرگیراوە. مەرج نیە شوفیری تاکسی ڕێگەپێدراو خاوەنی ئۆتۆمبیلە تەکسییەکە بێت و لەهەمان کاتیشدا دەکرێت ئۆتۆمبیلی تەکسییەکە لەسەر ناوی کەسێکی دیکە تۆمار بکرێت.

زاخو.. ئێکەتیا قوتابێن کوردستانێ هەوکا خوین بەخشینێ ئەنجام دا



خەبات ـ زاخو: لقێ زاخو یێ ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ ب هەلکەفتنا 18ی شوباتێ هەوکا خوین بەخشینێ ئەنجام دا. کارگێرێ لقی زاخو یی ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ ڕاگەهاند، دڤێ هەوێ پتر ژ 250 قوتابیان بەشداری کرن وەک دەربرینا هەلویستەکی مروڤایەتی ب هەلکەفتنا سالروژا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ. هەروەسا لقێ زاخو پروگرامەکی بەرفرەه یێ چالاکیێن ساخکرنا روژا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ بخوڤە گرتیە.

سلێمانی.. لە مانگی ڕابردووەدا 15 منداڵ گیانیان لەدەستداوە



بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئاماری مانگی ڕابردووی نەخۆشخانەی د. جەمال ئەحمەد ڕەشیدی منداڵانی فێرکاری بڵاوکردەوە. بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕایدەگەیەنێت، لەو ماوەیەدا سێ هەزار و 30 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە و و دوو هەزار و 484 نەخۆش سەردانی بەشی ڕاوێژکاری نەخۆشخانەکەیان کردووە، چارەسەری پێویستیان بۆ کراوە. ئاماژە بەوەش دەکەن، کە لەو نەخۆشخانەیە هەزار و 550 نەخۆشی هەناسەتوندی تۆمارکراوە. هەروەها هەزار و 71 تیشک گیراوە و270 سۆنار و 240 ئیکۆ کراوە و 15 حاڵەتی گیان لەدەستدانی منداڵیش لەنەخۆشخانەی د. جەمال ئەحمەد ڕەشیدی منداڵانی فێرکاری تۆمارکراوە.

هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچی سەر کارەبا دەستی پێکرد

قایمقامی هەولێر: چاوپۆشی لە هیچ پلەو پایەک ناکەین کە زێدەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی کارەبادا کردبێت

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: سوپاسی ئەو هاووڵاتیانە دەکەین کە بەدەنگ داواکەمانەوە هاتن و سوودیان لەو وادەیە وەرگرت و سەرپێچییەکانیان هەڵگیران







خەبات: هاوار مورتکەیی

ڕۆژی 2020/2/2 لە شاری هەولێر هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەستی پێکرد، دوای ئەوەی هەڵمەتەکە لەلایەن وەزیر کارەبا و وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێرەوە ڕاگەیەنرابوو، هەڵمەتەکە لە هەردوو گەڕەکی مامۆستایان (ئەمین عامەکان) و گەڕەکی (وەزیران) دەستی پێکرد، کە پێشتر ڕاگەیەنرا کە هەڵمەتەکە لەو گەڕەکانەوە دەست پێدەکەن کە قەبارەی خانووەکانیان گەورەیە و لەناو کۆمەڵگەدا بە دەستڕۆیشتوو ناو دەبرێن.

پێکهێنانی لیژنە

بەر لە دەستپێکی هەڵمەتەکەش چەندین کۆبوونەوە لە دیوانی پاریزگا بەڕێوەچوو و لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێنرا بۆ ئەوەی هەڵمەتەکە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت، لیژنەکەش بەسەرپەرستی خودی پاریزگار و ئەندامێتی وەزارەتی کارەبا و ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر و پۆلیسی کارەبا و زێرەڤانی و ئاسایش پێکهات و لە دوای تەواوبوونی وادەکەش، ئەو هەڵمەتە دەستپێبکرد، و هەروەک بڕیاردرابوو هەڵمەتی بڕینی زیادەڕۆیەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا لەو گەڕەکانە دەستپێبکات کە ڕووبەری خانووەکانیان زۆرە و بەگەڕەکی دەستڕۆیشتوو ناودەبرێن.

دادپەروەری لە دابەشکردنی کارەبادا

لە دەستپێکی ئەو هەڵمەتەشدا نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەرانی کارەبای یەک و دووی هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە کارمەندان و ئەندازیارانی کارەبا و هێزەکانی ناوخۆ ئامادەیبوون، قایمقامی هەولێرلە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە ئامانجی سەرەکی هەڵمەتەکە کرد و ڕایگەیاند کە بۆ باشکردنی دۆخی کارەبا و زیادبوونی کاتژمێرەکانی کارەبایە بە هاوڵاتیان و هەروەها جێبەجێکردنی دادپەروەرییە لەدابەشکردنی کارەبادا، هەورەها گوتی: بۆیە سەرەتای هەڵمەتەکەشمان لەو دوو گەڕەکە دەستپێکرد تا ئەو پەیامە بە هاوڵاتیان بگەیەنین ئێمە لە بڕینی زیدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی کارەبادا جیاوازی ناکەین و چاوپۆشی لەهیچ بەرپرس و پلەداریک ناکەین کە ئەگەر زیدەڕۆیی کردبێت لە سەر تۆڕەکانی کارەبادا، چونکە ئەو هەڵمەتە بە ڕێنمای خووی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، خۆشبەختانەش لەیەکەم ڕۆژی ئەو هەڵمەتەدا کارەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوون و هیچ کێشەیەک نەهاتە پێش.

سوود وەرگرتنی هاوڵاتیان لە وادە دیاریکراوەکە

لەلایەن خۆشیەوە ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر سوپاسی ئەو هاوڵاتیانەی کرد کە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبایان کردووەو گرفت و کێشەکانی کارەباکانیان چارەسەر کردووە و بەدەنگ داواکەمانەوە هاتن و ژمارەیەکی زۆر سەردانیان کردین و سەرپێچییەکانیان لادران، هەروەها ڕایگەیاند لەدوو مانگی ڕابردوودا بە هەزارەها هاوڵاتی کە خانووەکانیان سەرپێچی بووەو پێوەریان نەبووە سوودیان لەو بڕیارە وەرگرتووە کە پێوەری کارەبایان بۆ دانراوە ئەمە وێڕای ئەوەی سەدان هاوڵاتی کە گرفتی پێوەریان هەبووە گرفتەکانیان چارەسەر کراوە.

ڕێوئوینی یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران

نوێنەری وەزارەتی کارەبا کە یاوەری ئەو هەڵمەتە بوو لای خۆیەوە ڕایگەیاند:

هەڵمەتی بڕین و نەهێشتنی سەرپێچیەکانی کارەبا لەهەرسێ پارێزگاکانی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان دەست پێدەکات، دوای ئەوەی لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا کارئاسانی بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەو هاوبەشانەی کارەبا کرا کە کێشەو گرفتیان لە پێوەرەکانی کارەبادا هەبوو، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی و دارایی بەرامبەر ئەو کەسانە دەگیرێتەبەرکە بەزێدەڕۆیی کارەبایان ڕاکێشاوە یاخود دەسکاری پێوەرەکانیان کردووە.

هێزەکانی زێڕەڤانی پۆلیس

جێی باسە لەو هەڵمەتەدا هێزەکانی زێڕەڤانی و پۆلیس و پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر یاوەری تیمەکانی بڕینی سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا بوون و لەیەکەم ڕۆژیشدا چەندی حالەتی جۆراوجۆری زیدەڕۆیی کارەبا تۆمارکران و کارەبا لە خوودی سەرپێچیکارەکە بردرا و دواتر ناوی تۆمارکرا بۆ گرتنەبەری ڕێوشوینی یاسایی بەرامبەر ئەوانە و سەرچاوەیەکیش لە هەڵمەتەکە پێی ڕاگەیاندین کە بەدواداچوون بۆ ئەوانە دەکریت کە سەرپێچیان کردووە جا سەرپێچییەکە لەسەر تۆڕەکانی کارەبادا بێت یاخود مۆری سەعاتەکەی دەستکاری کردبیت وە یان لە بن سەعاتەوە کارەبای ڕاکێشابیت، ئەگەر هاتوو سەرپێچیکار دووبارە زێدەڕۆیی کردەوە ئەوا دەدرێتە دادگا.

هەڵمەتەکە بۆ باشترکردنی دۆخی کارەبا و زیادبوونی کاتژمێرەکانی کارەبایە و هەروەها جێبەجێکردنی دادپەروەرییە لەدابەشکردنی کارەبادا

فۆتۆ: هەڤاڵ قەرەچوغی





لیژنەکانی (قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر)

چەندین کۆگا و کارگەی نایاساییان داخست

ڕاپۆرتی/سەید فاتیح بەرزنجی

هەروەک چۆن لیژنەکانی سەربە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر ڕۆژانە خەریکی پشکنین و بەدواداچوونن لە شوێنە گشتیەکان و خواردنگەکان(قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر)یش ڕۆژانە بەهاوکاری و هەماهەنگی (هۆبەی چاودێری تەندروستی) سەربە (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دەشتی هەولێرو چاودێری بازرگانی هەولێر) خەریکی پشکنین و بەدواداچوونن لەسنووری قەزای دەشتی هەولێر.



قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر

بەگوتەی "ئیبراهیم شێخەڵڵا" قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ (قەزای دەشتی هەولێر) بەرەو فراوانبوون دەچێت و ژمارەی دانیشتووانەکەشی زیاد دەکات و ئەرک و کارەکانیش ڕۆژانە لەو سنوورەدا زیاد دەبن و ژمارەی (دوکان و بازاڕ و مۆڵ)ەکانیش زیاد دەبن، بۆئەوەی کۆنترۆڵی بازاڕ و دوکانداران بکەین لەڕێگەی تیمە هاوبەشەکانی ئەو سنوورە بۆچەندین جار دوکانداران و خواردنگەکان هوشیار کراونەتەوە کەهەمیشەپابەندی مەرج و ڕێنماییە تەندروستیەکان بن و هەوڵی پاک و خاوێنی بدەن و گوێ بە ڕێنماییەکان بدەن و هەوڵی داگیرکردنی شەقام و شۆستە نەدەن، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی تیمەکانی سەر بە (قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر) هەڵمەتێکیان بۆ نەهێشتنی زیدەڕۆییەکان و ڕێکخستنی بازاڕ ئەنجامدا.

لەسنووری قەزای دەشتی هەولێر توانرا دەست بەسەر ئۆتومبێلێکی (بریکاری غاز)دا بگیرێت لەبەرئەوەی هەوڵیداوە کە بوتلێکی پڕی غازی دابەشی ناو دوو بوتلی بەتاڵ بکات،دواترلەلایەن تیمەکانی سەربە قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێرپشەوە کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر ئەو بریکاری غازە گیرایەبەر و بەپێی یاسا سزا دەدرێت، دواتر هەرلەلایەن تیمەکانی چاودێری بازاڕەوە دەست بەسەر چەند کەل و پەلێکی دروستکردنی ماستدا گیرا کە بەشیری وشک هەر لەناو مالی هاوولاتیەک بەنایاسایی ماست دروستدەکرا، لەلایەکی دیکەوە هەر لەلایەن تیمەکانی سەربە(لیژنەی چاودێری بازاڕ لە قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێرو تیمەکانی چاودێری تەندروستی دەشتی هەولێر) توانرا کارگەیەکی شیرنەمەنی داخرا، کە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو، بڕیاردرا کە لێپرسینەوە لەگەڵ خاوەنەکەی بکرێت، دواتر "ئیبراهیم شێخەڵڵا" ئاماژەی بەوەداو گوتی: بۆ ئەوەی چیتر لەسنووری قەزای دەشتی هەولێر زێدەڕۆیی نەکرێتە سەر شەقام و شۆستەکان، لەلایەن لیژنەی زێدەڕۆیی قایمقامیەت بەهاوکاری و هەماهەنگی (سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە) هەڵمەتێکیان بۆ ڕێکخستنی ناو بازاڕە سەرەکیەکان ئەنجامدا و چەندین ڕێنمایی گرنگ بە دوکانداران و کاسبکاران درا، تا چیتر هەوڵی زێدەڕۆیی نەدەن، دواتر هەرلەلایەن لیژنەی زێدەڕۆیی بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبایان کردووەو گرفت و کێشەکانی کارەباکانیان چارەسەر کردووە و بەدەنگ داواکەمانەوە هاتن و ژمارەیەکی زۆر سەردانیان کردین و سەرپێچییەکانیان لادران، هەروەها ڕایگەیاند لەدوو مانگی ڕابردوودا بە هەزارەها هاوڵاتی کە خانووەکانیان سەرپێچی بووەو پێوەریان نەبووە سوودیان لەو بڕیارە وەرگرتووە کە پێوەری کارەبایان بۆ دانراوە ئەمە وێڕای ئەوەی سەدان هاوڵاتی کە گرفتی پێوەریان هەبووە گرفتەکانیان چارەسەر کراوە.

چەندین ڕێنمایی گرنگ بە دوکانداران و کاسبکاران درا، تا چیتر هەوڵی زێدەڕۆیی نەدەن، دواتر هەرلەلایەن لیژنەی زێدەڕۆیی بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبایان کردووەو گرفت و کێشەکانی کارەباکانیان چارەسەر کردووە و بەدەنگ داواکەمانەوە هاتن و ژمارەیەکی زۆر سەردانیان کردین و سەرپێچییەکانیان لادران، هەروەها ڕایگەیاند لەدوو مانگی ڕابردوودا بە هەزارەها هاوڵاتی کە خانووەکانیان سەرپێچی بووەو پێوەریان نەبووە سوودیان لەو بڕیارە وەرگرتووە کە پێوەری کۆنکریتی و تێکدانی کابینەیەک و کەپرێک) کە بەنایاسایی لەسەر مۆڵکی گشتی دروستکرابوون، جگەلەوەش توانرا (4 دوکان)یش لە (کۆمەڵگەی ئاوێنەی شار) دروستکرابوون، لەلایەن (لیژنەی چاودێری بازار)ەوە توانرا (کارگەیەکی دروستکردنی نوقڵ و شەکرۆکە) لە(ناوچەی پیشەسازی بنەسلاوە) لەبەر نەبوونی مۆڵەتی تەندروستی و نەبوونی مەرجەکانی پاک و خاوێنی دابخرێت. هەر هاوولاتیەکیش ئەگەر سکالای هەبوو دەتوانێت سەردانی قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر بکات تا بەزووترین کات چارەسەری کێشەکەی بۆ بکرێت.



مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە



هەورامان عەلی تۆفیق

رێککەوتنی عێراق و چین

لە سێپتەمبەری ساڵی 2019 عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی ولاتی چینی کرد و هەشت لێک تێگەیشتنی واژۆکردووە بۆ ئامادەکاری رێککەوتنێکی 20 ساڵە، لایەنە شاراوەکانی ئەم رێککەوتنە و پێشهاتە خراپەکانی بۆ ئابووری و ئایندەی سیاسیی عێراق جێگای مشتومڕی زۆری سیاسییەکانی عێراقە و پێچەوانەی لێدوانەکانی حکوومەت لەو بارەیەوە قسە دەکرێت.

عێراق خاڵبەندی ئەو رێککەوتنەی هێشتا بەدیار نەخستووە بەو مانایەی لە چ بوار و چ پرۆژەیەکدا کۆمپانیا چینییەکان کار دەکەن، ئەوەی عێراق باسی لێوە دەکات گەیشتنە رێککەوتن و لەیەک گەیشتنە لەگەڵ ولاتی چین لەسەرینەمای بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق لە بواری گەیاندن و پیشەسازی و لایەنی ئەمنی و وزە دایە بە بەهای زیاتر لە 500 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، بەم پێیە عێراق ناچاری قەرزێکی زۆر دەبێت و لە 20 ساڵی داهاتوودا کەرتی نەوتی ئەم ولاتە دەبێتە بارمتە، بەو پێیە عێراق دەبێت ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی چین بکات، لەگەڵ زیادەی ئەو قەرزانە بۆ دانەوەیان بە چین. ناڕوونی لە رێککەوتنەکە و ئەو وەڵام نەدانەوەی حکوومەت بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی پەرلەمانی عێراق و ڕای گشتی لە خواستی خستنەڕووی رێککەوتنەکە، پەڕلەمانی عێراق ناچاربووە لە رێگای بانگهێشتی باڵوێزی چین داوای ڕوونکردنەوە بکات. بە پێی ئەو زانیارییانەی ناوە ناوە لە بەرپرسانی حکوومییەوە ئاشکرا دەبێت ئەم رێککەوتنە گۆڕینەوەی نەوتە بە پرۆژە، واژۆ نەکردنی ئەو رێککەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەو شێوەیە عێراق پێویستی بە ڕەزامەندیی رێکخراوی ئۆپێک. ئەم هەنگاوەی عێراق لە دواوی ئەو ناڕەزاییە بەردەوامەی هاوڵاتیانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بۆ باشتر بوونی گوزەرانیان لە بێکاری و بێ خزمەتگوزاری و گەندەڵی و زۆر لەو کێشانەی هاوولاتی عێراقی تێیدا دەژیت، ئەمەش دونیایەکی خەیاڵاوی بۆ زۆرێک دروست کردووە بەو پێیەی ئەم هەنگاوە دەبێتە فریادڕەسی عێراق لەو کێشانەیدا.

بڕیاری تاکلایەنەی شیعە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و دەنگی ناڕەزایی سەدر لەو بارەیەوە و خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی، پێشهاتی مەترسیداریان هەیە و لەنێوخودی شیعەدا هۆشداری لەو بارەیەوە دراوە، بەڵام لایەنە تووندڕەوەکان گوێ بەوە نادەن و سوورن لەسەر ناڕەزایەتییەکانیان.

تێگەیشتنی ئەمریکا و ولاتانی ڕۆژئاوا لەجدییەتی هەڵوێستەکانی کورد و ڕووی ڕاستی سیاسییەکانی عێراق و ڕوون بوونەوەی ئایندەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیە.

لەم لێک تێگەیشتنە بەناڕازی بوونی ئەمریکا لەو شێوە رێککەوتننانە دەست بۆ ئێران دردێژ دەکرێت لەوەی دەستی لەم هەنگاوەی عێراقدا هەبێت، لە بنەماشدا حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق بەپێی یاسا مافی واژۆکردنی لەم شێوە رێککەوتنە چارەنوسسازانەی نابێت.



ئەحمەد فازیل

دوا بەدوای پێشکەوتنە بیشەسازیەکان لە تەواوی جیهاندا کەشوهەواو ژینگە و سروشت گۆرانی بەسەر داهات ،بەجۆرێک بەستەڵەکانی باکوور و باشور زۆر بەخێرای دەتوێنەوە، زەوی چەندین هێندە گەرم بووە ئامەژەکانیش پێمان دەڵێن گەرم تریش دەبێت ، بەرگە هەوای زەوی چینی ئۆزۆن تەنک بووە و پیسبوونی ژینگە کاریگەری کردۆتە سەری.

لە هەرێمی کوردستانیش ئاماژەکانی پیسبوونی ژینگە دڵخۆشکەرنین. بەپێی ئاماریکی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، نزیکەی ملیۆنێک و 700هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێم بوونی هەیە و زۆرترینیان لە شاری هەولێرن کە ژمارەیان 791 هەزار و 72ئۆتۆمبێلە.

هەروەها بەپێی وتەیەکی پاریزگاری پێشووی هەولێر نەوزاد هادی، لە ئێستادا هەرێم ڕۆژانە پێویستی بە شەش ملیۆن لیتر بەنزین هەیە، کە ئەمەش بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی ئۆتۆمبێلە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێم هەن ، کاریگەری یەکجار مەترسیداریان لەسەر پیسبوونی ژینگەی هەرێمەکەمان هەیە.

جوتیار عەلائەدین، بایزلۆزی، شارەزا لە بواری ژینگە لەبارەی پیسبوونی ژینگەوە گوتی: پیسبوونی ژینگە کاریگەری راستەوخۆ و ناراستەخۆ لەسەر تەندروستی مرۆڤ و گیاندارانی تر هەیە زۆرجار مەترسیەکانی پیسبونی ژینگە بۆ مرۆڤ دەبێتە هۆی توشبوون بە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر، هەروەها بۆ گیاندارانی تریش زۆرجار مایەی لەناوچوون و قڕانە.

سەبارەت بە زیانەکانی پیسبوونی ژینگەو ئەو نەخۆشیانەی مرۆڤ بەهۆیەوە توشی دەبێت گوتی: زۆرن ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی پیسبونی ژینگە مرۆڤ توشیان دەبێت، چەندین نەخۆشی دەگمەنیشی لێکەوتۆتەوە ، بەڵام دیارترینو زۆرترین ئەو نەوخۆشیانە بریتین لە نەخۆشیەکانی(شێرپەنجە، ٥٧٠ هەزار مندالّی خوار تەمەن پێنج ساڵ، بەهۆی هەڵئاوسانی ڕێڕەوی هەناسەی پەیوەندیدار بە پیسبوونی ژینگە گیان لەدەست دەدەن.

راشگەیەنرا کە ٣٦١ هەزار مندالّیش بەهۆی نەبونی مەرجەکانی خاوێنی ئاو و سکچوو گیانلەدەست دەدەن.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە گۆڕانکاری ژینگە، بووەتە هۆکاری نەخۆشی ڕەبوو (ئەستیما) لە منداڵان و سەدا ٤٤ی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵیش بەهۆی فاکتەری ژینگەوە ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشییە بوونەتەوە.


شەماڵ ناوپردانی، چالاکوانی مەدەنی لە بواری ژینگەپارێزی لەسەر پاراستنی ژینگەپارێزی گوتی: قسە زۆر دەکرێت لەسەر ژینگە ، ئەتوانم بڵێم زۆرترین قسە دەکرێت لەبواری ژینگە بەگشتی بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە هەر لە قسەکردن لەسەر ژینگە ماوینەتەوە و هێشتا نەچوینەتە بواری کردارییەکە، کە ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە



جوتیار عەلائەدین

، کە ئێمە چالاکوانان هیچ شتێکمان لەدەست نایەت بۆ ئەوەی خەمی ژینگە بکەینە خەمی کرداری.

هەروەها ناوبراو سەبارەت بە ئاماژە جیهانییەکان ئاماژەی بەوە کرد: ئاماژە جیهانییەکان لەسەر جیهان ئاماری ترسناکن ، بەتایبەت وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە نێویشیاندا عیراق و سوریا و یەمەن و لیبیا ...هتد هەموو ئەو وولاتانەی شەڕیان تێدایە ، هەرێمی ئێمەش بەدەر نیە



شەماڵ ناوپردانی

لەو مەترسیە ، بۆیە ئاماژەکان شتی زۆر ترسناک ئەڵێن و پێویستە حکومەت و هاوڵاتی بەیەکەوە گرنگی بەو ئامارانە بدەن کە شتانێکی ترسناکمان پێدەڵێن سەبارەت بە پیسبوونی ژینگە.

هەروەها دەربارەی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە گوتی: پیسبوونی ژینگە بە گشتی هۆکاری سروشتی و مرۆییە ، بەڵام هەموو داتا جیهانییەکان ئەڵێن هۆکارەی مرۆیەکان ٪ـ هۆکاری پیسبوونی ژینگەن ، من وەک چالاکوانێک ، هۆکاری پیسبوونی ژینگە دەگەڕێنمەوە بۆ جەنگی چەند ساڵەی داعش و ئەو جەنگانەی دەوروبەرمان کە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ژینگەی ناوچەکە وە وە هۆکارێکی تریش بێ پلانی حکومەتە کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ژینگە بکاتە خەمی سەرەکی و بەڵکو ژینگەی زۆر بەشێوەیەکی لاوەکی وەرگرتوە و شتێک کە گرنگ نەبێت لای ژینگەیە ، نەبوونی کارگەی "ڕیسایکلین" واتە دووبارە بەکارهێناوە وە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پرۆسەی پەروەردە گرنگترین هۆکاری دروستکرنی نەوەیەکی،هۆشیار و بەرپرسیارن بەرامبەر بە ژینگە بەڵام بەداخەوە ئەوەشیش نیە ، وەهۆکارێکی تر هاوڵاتیان خۆیان ژینگەیان لا گرنگ نیەو تاکێکی بەرپرسیار هۆشیارمان نیە ، وە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری پلاستیک و ماددە پیسکەرەکان لەم هەرێمە وایکردوە ببینە خاوەنی زبڵ خانەیەکی گەورە ، ئەم هۆکارەو چەندان هۆکاری دیکەهەن .

لەسەر چارەسەریەکانی پیسبوونی ژینگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاک گوتی: چارەسەریەکانی ژینگە زۆرن بەڵام زەرورترینیان دروستکرنی "هۆشیاری"ە ئەمیش بە چەند ڕێگایەک ئەبێت ، ژینگە بکرێتە بابەتێکی جدی و بنەڕەتی لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن ، و ڕاگەیاندنەکان بەجدی کار بۆ هۆشیاری تاک بکەن ، کەمترین ماددە پیسکەرەکان بەکار بهێنرێن ، لەڕێگای ناوەندەکانی خوێندن و میمبەری مزگەوتەکان و هاوکاری چالاکوانان بکرێت بۆ سمینار و ڤرکشۆپی ژینگەیی وا بکەی تاکێک دروستبکرێت کەژینگەو وولاتی خۆی بەمالّی خۆی بزانێت و وای لێبکەی هەموکات بەرپرسیاری ڕاستەقینە بێت بەرامبەر بە ژینگە. بۆ ئەوەی پاراستنی ژینگە بکەین بە کولتور دەبێ ناوەندەکانی خوێندن پاراستنی ژینگە بکەن بە بابەتێکی ڕسمی و گرینگ دابنێن ئەو کاتە دەتوانم بڵێم پاراستنی ژینگە دەبێتە کولتور لە ناو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە تەنها لە بواری قسەکردن دابیت ناتوانین ژینگە بکەین بە کولتور ئەوەی ئیمە وەکو چالاکوانی مەدنی هەوڵ دەدەین پاراستنی ژینگە بکەین بە کولتور هەروەها دەبێت حکومەت و هاوڵاتی هاوکار بێت لەبەر هەندی نەمانتوانیە پاراستنی ژینگە بکەین بە کولتور.





یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی لە کۆڕێکی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات دا

ئیدریس بارزانی ئەندازیاری یەکبوون و دیپلۆماتکاری دانووستان و ڕێککەوتن و پەیوەندییەکان بوو

هۆشیار زێباری: پەیوەندی نێوان کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دوولەش بەیەک ڕوح یەک تیم کارەکانیان دەکرد

عومەر عوسمان مێرگەسۆری: زۆر لە ئێمە لەسەرەتای لاویەتی لەبن دەستی ئەو پیاو گەورە بووین، کاک ئیدریس ئێمەی پێگەیاندووە



خەبات: پیرمام ـ سەفەر ژاژوکی

لە یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردەی نەمر (ئیدریس بارزانی)دا فەرماندەیی هێزەکانی خەبات هەستا بە کۆڕێک بۆ بەڕێز هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و پێشمەرگە ماندوونەناسەکانی تێکۆشەر و کادیر و جەماوەری بەرفراوان کە تێدا بەشدار بوون.

بەڕێز عومەر عوسمان مێرگەسۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات بە ناوی فەرماندەیەکەی خێرهاتنی میوانە ئازیزەکانی بەشدار بوو کرد بۆ ئامادەبوون لەو یادە ومن وەک قوتابیەک و پێشمەرگەیەکی سەرەتایی لاوی دا لەگەڵ ئیدریس بارزانی دابووم کە لەسەر خۆم فەرز کردووە کەلە هەر مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەردەمانێک لەکار پارتایەتی و حزبایەتی و سەرکردایەتی و پەیوەندیەکەیان لەنزیکەوە لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی دابووە بۆ ئامادەبوونی باسی یاد و بیرەوەیەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردە نەمر ئیدریس بارزانی کرد و گوتی: لە بیرەوەرەی چەند باسی ئەو پیاوە گەورە بکەینەوە هەرکەمە چونکە حەقی لە سەر ئێمە هەموومان هەیە، ئیدریس سەرۆک مسعود بارزانی وەفدی شۆڕش کە ئامادە دەبن کە ئەو ڕێککەوتنامەیەکی میژووی بووە وئەو وەزعی ئێمەی تێدا دەژین حکومەت و پەرلەمان و ئیدارە هەمانە ئەوە وەزعە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی 11ئادار . دوای ڕێککەوتنامەی ئاداری 1970جەنابی کاک ئیدریس بارزانی جەوەلەیەکی کرد بۆ دەقەری بادینان کە پێشوازی لێکرا لەدهۆک و ئامیدی و عێراق و شێخان و دەگەیشتە شوێنێک دابم یادی ئەو پیاوە نیشتمانە بە کۆربکەمەوە کە زۆر لە ئێمە لە سەرەتای لاویەتی لەبن دەستی ئەو پیاو گەورە بووین و ئەو ئێمەی پێ گەیاندووە، ئەو مامۆستایەکی چاک بوو لە هەموو ڕوویەکەوە و بەتایبەتی لە ڕووی ئیداری و لوجستیکی و ژیان و گوزەرای ناو سەنگەری پێشمەرگە.پاشان بەڕێز هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەردەمانێک لەکار پارتایەتی و حزبایەتی و سەرکردایەتی و پەیوەندیەکەیان لەنزیکەوە لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی دابووە بۆ ئامادەبوونی باسی یاد و بیرەوەیەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردە نەمر ئیدریس بارزانی کرد و گوتی: لە بیرەوەرەی چەند باسی ئەو پیاوە گەورە بکەینەوە هەرکەمە چونکە حەقی لە سەر ئێمە هەموومان هەیە، ئیدریس بارزانی پیاوێکی مەزن و سەرکردەیەکی ستراتیژیکی و تەکنیکی بوو و جێگای دیارە لە ناو حزب و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. نیشتمانپەروەرێکی گەورە بوو و جێگای متمانەی بارزانیی نەمر. من ساڵی 1970 پاش سەرکەوتنی 11ی ئاداری 1970لە کاتی خوێندنەوە و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی 11ی ئادار لە بەغدا لە گەڵ جەنابی



شۆێنێک دابم یادی ئەو پیاوە نیشتمانە بە کۆربکەمەوە کە زۆر لە ئێمە لە سەرەتای لاویەتی لەبن دەستی ئەو پیاو گەورە بووین و ئەو ئێمەی پێ گەیاندووە، ئەو مامۆستایەکی چاک بوو لە هەموو ڕوویەکەوە و بەتایبەتی لە ڕووی ئیداری و لوجستیکی و ژیان و گوزەرای ناو سەنگەری پێشمەرگە.پاشان بەڕێز هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و پێشمەرگە ماندوونەناسەکانی تێکۆشەر و کادیر و جەماوەری بەرفراوان کە تێدا بەشدار بوون.

بەڕێز عومەر عوسمان مێرگەسۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات بە ناوی فەرماندەیەکەی خێرهاتنی میوانە ئازیزەکانی بەشدار بوو کرد بۆ ئامادەبوون لەو یادە ومن وەک قوتابیەک و پێشمەرگەیەکی سەرەتایی لاوی دا لەگەڵ ئیدریس بارزانی دابووم کە لەسەر خۆم فەرز کردووە کەلە هەر مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەردەمانێک لەکار پارتایەتی و حزبایەتی و سەرکردایەتی و پەیوەندیەکەیان لەنزیکەوە لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی دابووە بۆ ئامادەبوونی باسی یاد و بیرەوەیەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردە نەمر ئیدریس بارزانی کرد و گوتی: لە بیرەوەرەی چەند باسی ئەو پیاوە گەورە بکەینەوە هەرکەمە چونکە حەقی لە سەر ئێمە هەموومان هەیە، ئیدریس بارزانی پیاوێکی مەزن و سەرکردەیەکی ستراتیژیکی و تەکنیکی بوو و جێگای دیارە لە ناو حزب و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. نیشتمانپەروەرێکی گەورە بوو و جێگای متمانەی بارزانیی نەمر. من ساڵی 1970 پاش سەرکەوتنی 11ی ئاداری 1970لە کاتی خوێندنەوە و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی 11ی ئادار لە بەغدا لە گەڵ جەنابی

ئەو خەڵکە چەند پەرۆشی بوون و کاک ئیدریس لە دانووستان یەکەم بوو نەک لەگەڵ پێشمەرگە و لە هەمو ڕوویەکەوە، لە یادمە کاتی پەیوەندیەکانی شۆڕش و بەغدا تێکچوو ئەو کات جەنابی بارزانیی نەمر گوتی "تا کۆتایی دەبێ محاولە لەگەڵ بەغدا بکەین". لەو زەروفە کە لەو ساتانە ئیدریس بارزانی چووە بەغدا بۆ ئەوی پێوەندی بە ئیدریس بارزانی ئەندازیاری یەکبوون و دیپلۆماتکاری دانووستان و ڕێککەوتن و پەیوەندییەکان بوو، ساڵی 1972کاک ئیدریس بارزانی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا دروست کرد کاتێک سەفەرەکیان کرد لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ ئەمەریکا.

بەڕێز هۆشیار زێباری لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی لەدوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبووە لەو زەروفە ناخۆشە کە قورسترین ئەرکی هەڵگرتبوو لەو بارەیدا بەڕێزیان گوتی: پاش نسکۆی ساڵی 1975 کاک ئیدریس بارزانی دەورەکی هەرە بالای بینی بۆ ئیدارە و سەرپەرشتی ئاوارەکان کە بەرەو ئێران چوون و بەرپرسیاریەتێکی گەورە هەبوو لە زەروفێکی ناخۆش و تەنگانە و بە حوکمی ساواک و پەناهەندەکان دابەشکردنیان بەسەر شارەکانی ئێران و چۆن ئەو تەنزیمە ڕێک بکات و ئاگایان لە هەموویان بکات تەحمول لەگەڵ هەموویان بکات و ئەو خەڵکەش کە چوونە دەرەوە و زۆر لەکادیرانی پارتی کە چوونە دەرەوە زۆر بەزۆر قیاداتی کوردی دروست بوو چوونە دەرەوە کە هەموو کاری ئەو بوو ئەو پیاوە چەند ماندوو بوو لە پاراستنی خەڵک و ئیدارە کردنی. من ساڵی 1977 لە لەندەنم بینی بڵێت کە ئێمە ئاشتیخوازین و شەڕ خواز نین...

ئیدریس بارزانی ئەندازیار و دیپلوماتکاری دانوستان و ڕێککەوتن و پەیوەندییەکان بوو، ساڵی 1972کاک ئیدریس بارزانی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا دروست کرد کاتێک سەفەرەکیان کرد لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ ئەمەریکا.

بەڕێز هۆشیار زێباری لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی لەدوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبووە لەو زەروفە ناخۆشە کە قورسترین ئەرکی هەڵگرتبوو لەو بارەیدا بەڕێزیان گوتی: پاش نسکۆی ساڵی 1975 کاک ئیدریس بارزانی دەورەکی هەرە بالای بینی بۆ ئیدارە و سەرپەرشتی ئاوارەکان کە بەرەو ئێران چوون و بەرپرسیاریەتێکی گەورە هەبوو لە زەروفێکی ناخۆش و تەنگانە و بە حوکمی ساواک و پەناهەندەکان دابەشکردنیان بەسەر شارەکانی ئێران و چۆن ئەو تەنزیمە ڕێک بکات و ئاگایان لە هەموویان بکات تەحمول لەگەڵ هەموویان بکات و ئەو خەڵکەش کە چوونە دەرەوە و زۆر لەکادیرانی پارتی کە چوونە دەرەوە زۆر بەزۆر قیاداتی کوردی دروست بوو چوونە دەرەوە کە هەموو کاری ئەو بوو ئەو پیاوە چەند ماندوو بوو لە پاراستنی خەڵک و ئیدارە کردنی. من ساڵی 1977 لە لەندەنم بینی دروست بوو و لە نەغەدە و کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی مسعود بارزانی هەنگاو بەهەنگاو ئاگایان لە هەموو شتێک هەبوو لە ئیدارەدانی شۆڕشی گوڵان و دامەزراندی قیادەی موقەت.

بۆیە هەرگیز ڕۆڵی شەهید ئیدریس لە یاد ناکەین لە هەموو بوارێکدا بەتایبەت لە بوڕای عەسکەری کە فەرماندەیەکی مەیدانی دیار شەر بوو لە هەندرین و زۆرزک و شەڕکانی تر. پاشان شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەسەرۆکایەتی ئیمام خومینی وەزعێکی تر هاتە پێشەوە و کاک ئیدریس پەیوەندیەکی تر دروست کرد.

پەیوەندی و کارو هەماهەنگی نیوان کاک ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وەک ئەوەی دوولەشبن بەیەک ڕوح، بەیەک تیم کار و خەباتیان دەکرد، لە کۆنگرەی 9ی پارتیمان و من لە نزیکەوە ئاگادار بووم و لەسەرکردایەتی پارتی بووم و ئەو کاتانە کە کاک ئیدریس فەرموو: "کە جەنابی سەرۆک بارزانی، تۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی و هەموومان پاڵپشتی تۆ دەکەین".

من ئەو شەرەفەم هەیە کەلە ساڵی 1986 من پێشمەرگە بووم و لە گەڵ کاک ئیدریس چوینە بادینان ،کاتێک کاک ئیدریس خواحافیزی کرد، بەئامادەبووانی ڕاگەیاند کە "ئاگاتان لە کاک مسعود بێت".

ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و ئەندازیاری بەرەی کوردستانی بوو کە دووانر لە ڕاپەرین هەموو لایەنە سیاسییەکان بەیەکەوە هەڵمەتیان برد. لە یادمە ساڵی 1987 ئێمە لە کوردستان بووین لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی و د. جەرجیس حەسەن و کاک زەعیم عەلی کە هەیئەی متابعەی تەفتیشی مەرکەزی بووین. عێراق زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی پارتی و پێشمەرگە و بارەگاکانی پارتی ببووە ئێمە لە وەزعێکی تەنگانە و لە حاڵەتی مان و نەمان دابووین، عێراق هەرچی قوەت وجەیش و جاشی هەبوو هێرشیان دەکردە سەر بارەگانی پارتی لە دهۆک و شێخان و ئاکرێ و چەکی کیمیاویان بە کارهێنا و ئێمە لە لیژنەی زاخۆ بووین ئەو کاتە لەگەڵ د.جەرجیس و کاک زەعیم عەلی لە هەواڵەکان بیستمان کە کاک ئیدریس کۆچی دوایی کرد.



وەیسی سەعید وەیسی

با سوود لە ئەزموونی سەرکردەو پێشمەرگەی خاکیی (ئیدریس بارزانی) وەربگرین

هەرچەندەبەخت یاوەرمان نەبووتادەرفەتی شادبوون بەدیداری ڕەحمەتی (ئیدرس بارزانی) مان هەبێت بەڵام لەڕێگای چەندین نووسین وبەرهەمی نووسەران وکەسەنزیکەکانی ئاشنای ژیان وخەبات وتێکۆشانی بووینە ڕاستەتەمەنێکی کەمی هەبووبەڵام لەوماوەکەمەیەداتوانیوێتی وەک سیاسەتوانێکی کارامەودووربین ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت بۆیەش هەردەم لەویژدانی گەلی کوردستان بەزیندوویی مایتەوەلەم ڕوانگەیەوەوەک وەفایەک بۆئەم سەرکردەیەبەئەرکم زانی لەم سالیادەداچەندێرێک بخەمەرووچونکەجگەلەوەی کوری ڕابەری مەزنی گەلەکەمان بارزانی نەمرە لەهەمان کاتیشدا سەرکردەیێکی هەڵکەوتوو وخەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی بوو هەمیشە دۆستی هەژاران بوو زاهیدانە ژیاو جێگای ئومێدی هەمووان بوو سیاستمەدارێکی ناسرا وئەندامێکی هەرە چالاکی شاندی وتوێژی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و ڕژێمی عیراق بوو لەڕێکەوتنامەی 11ئادارهەروەهافەرماندەیکی بەتوانا ولێهاتووی بواری سەربازی بوو بەتایبەت لەداستانی بەناوبانگی (هندرێن)وێرای ئەوەی ڕۆڵی دیاری بینی لە نەخشە کێشان لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی 26ی گولان هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبوولەیەکڕیزی وئاشتی کۆمەلایەتی وسیاسی بەتایبەت لەکۆکردنەوەوڵێک نزیک بوونەوەی لایەنە ساسی یەکان کە سەرئەنجام بەرەی کوردستانی هاتە دامەزراندن بۆیەش بە ئەندازیاری ئاشت بوونەوەی گشتی ناسرا.

بەداخەوەپاش تەمەنێکی پرلەخەبات وتێکۆشان لە کاتێکدا هێشتا بڕینەکانی کۆچی دوایی ڕابەری مەزن مەلامستەفا بارزانی لەسەر دل وەدەروونی کوردستانیان ساڕێژ نەبووبوو جارێکی تر خەم و ماتەمینی ڕووی لە گەلی کوردستان کردەوە لە بەرواری (31/1/1987) ئیدریس بارزانی مالئاوایی یەکجارەکی کرد بەمەش جارێکی تر کەلێنک لە ڕیزی تێکۆشەران دروست بوو وەبەڵام سوپاس بۆخوای گەورە کەئەوجارەشیان ڕێبوارانی بەئەمەکی ڕێبازی بارزانی نەمرتوانیان بەسەرئەم کارەساتەیەسەربکەون ولێ نەگەران هیچ کەلێنێک دروست ببیت ودرێژەیان دابەخەبات وتێکۆشان، بۆیەش لەگەل یادکردنەوەی ئەم سەرکردەیە گرنگە هەمووان هەلوەستە لەهەمبەر ژیان وخەبات وتێکۆشانی بکەین هەول بدەین سوودووانەلەئەزموونەکەی وەربگرین ولەکاری ڕۆژانەماندابەرجەستەیان بکەین چونکەراستەرەحمەتی تەمەنێکی کورتی لەمەیدانی خەباتدا هە بوو بەڵام تەژی بوو لەخزمەتکردن لەگشت بوارەکاندا بۆیە هەمیشەلەیاد. هەزاررەحمەت لەمامۆستا هێدی شاعیر کەجوانی فەرمووە:

ئیدریس دەریای دڵ بە پەرۆش وەرە ڕاز هەڵگری خامۆش
وەرە گەنجی بە زانست پیر گەنجینەی پڕ لە هەست و بیر

ئیدریس پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ قەدەم ئاسنی قەڵەم زێڕ
سڵاوو درود بۆ گیانی پاکی ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی میژوولەیادی ناکات و بەنەمری مایتەوە

یەکی شوبات و پەندێک



ئەسرین عاسی شوانی

هەردوو تەقینەوەکەی ڕۆژی 2004/2/1 یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە نێوان چەند چرکەیەک دا لە دوو شوێنی جیاوازی مەبەستداری شاری هەولێر، لە دوو بارەگای سەرەکی دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان مەغزاو مانای زۆر هەڵدەگرێت، هەردوو تەقینەوەکە لە کاتێک دا بوو کە هەردوو حیزب پارتی و یەکێتی لە یەکەم ڕۆژی جەژن ، پێشوازیان لە خەڵک و میوان و دۆست و هەواداراني خۆیان دەکرد، بێئاگا لەوەی کە هەردوو لایان بەبێ جیاوازی نیشانەن لە لایەن ناحەزانی کوردەوە ،ئەمە جاری یەکەم نیە حیزبە کوردستانیەکان بێ دیاری کردنی ڕەنگ و ئایدیا و دورشم نەکەوتبێتە بەر هەڕەشەو ئامانجی تیرۆرستان و هەر جارەی بارەگایەکی کوردی کادیرێکی حیزبی یان هیچ نەبێت کرێکارێک یان جوتیارێکی کورد نەکەوتبێتە بەر هەڕەشە و تۆقاندن و تیرۆرکردنەو.

لێردا ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە لای ناحەز و دوژمن و شەمشەمەکوێرەکان کورد هەر کورەد بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەنگەکان، ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە ، درککردنی دوژمنانە بەو واقیعەی کە کورد وەک و نەتەوەیەک سەیر دەکرێت،کە ئێمەی کورد تا ئێستا هەستمان بەو ڕاستیە نەکردوە، یان جوانتر بڵێین لایەنە کوردستانیەکان بەتایبەتی درکیان بەو واقیعە نەکردوە، یان هەندێکیان نایانەوێت درک بەوە بکەن، چونکە ئەوەی لە پشتی ئەو کردەوانەوە بوو بوونی کورد بوو نەک بارەگای لقی دووی پارتی و مەڵبەندی سێیی یەکێتی.

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئەو دوو حیزبە لە جاران زیاتر وەک هاوخەمی بۆ دۆزی کورد کار بۆ ئەوە دەکەن مالّی کورد ڕێکبخەنەوە بە خیتابێکی یەکگرتوو ڕووبەڕوی ئاستەنگەکان بوەستنەوە، لەسەر ئەو ڕۆشناییە دوژمنان وەک پیشەی لە میژینەیان لە هەوڵی ئەوەدان ئەستەنگ دروست بکەن درز بخەنە نێوانیان، تا ئەو ئارامیەی کە لە کوردستان هەیە بیشێوێنن و کورد و بزوتنەوەکەی بە شتی لاوەکیەوە خەریک بکەن تا نەپەڕژێنە سەر داواکاری و مافەڕەواکانیان. لە نمونەی هێڕشەکەی یەکی شوباتی شاری هەولێر کە دەیان قارەمان لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان خوێنیان بەناهەق ڕژێنرا. ئەگەر بۆ ئەو ساتانە بگەڕێینەوە کە کورد یەک گوتاروو یەکگرتوو بونە، هەمیشە دوژمنان بەرەیەکی دژە کوردیان پێکهێناوە لە ئێران و سوریاو عیراق و تورکیا کە هەر سێ مانگ جارێک لە یەکێک لە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانە کۆدەبونەوە لەسەر چارەنوسی کورد ئەدوان و هەر پێشکەوتنێکیش لە بزوتنەوەی کوردایەتی بەدی بکرایە گورج ئەو لایەنانەی لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆدەکردەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ناکۆکیە دێرینەکانی خۆیان. بۆیە دەکرێ ئەوکردەوە تیرۆرستییەی یەکی شوباتیش لە خانەی ئەو کردەوە دوژمنکاریانەدا پۆلێن بکەین.

وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٩٦٠٩٩ بەرواری ٢٠١٧/١/٣ بەبری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار بەناوی اسعد رمضان قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٣٥٨٩٦ بەرواری ٢٠١٥/١١/١٧ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بارزان سلیم قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
محكمة بداءة ئاكرى
العدد: ١/ استملاك قضائى/٢٠٢٠
التاريخ: ٢٠٢٠/١/٢١
الى/ المدعى عليه (ملا محمد عزيز محمد)
اعلان
اقام المستملك (بلند رضا زبير) رئيس بلدية ئاكرى اضافة لوظيفته الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلب فيها استملاك مساحة (٣٦ متر مربع) من القطعة المرقمة (١٢٩ مقاطعة ١٣٤/ بساتين كوراوة) العائدة ملكيتها للك و للمستملك منه الثانى و تسجيلها باسم دائرة المدعى اضافة لوظيفته، و لمجهولية محل اقامتك قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر فى جريدة يومية محلية واحدة بالحضور فى اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة و الموافق ٢٠٢٠/٢/١٢ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية و بعكسه ستجرى المرافعة بحقك غيابيا و اصدار القرار المناسب وفق القانون.
القاضى/ خالد عثمان يوسف
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٨٣٢/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢
جارێدان
بۆ داوالێکراو (بلال نبی قاسم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (منیجە سعید علی) داوای ژمارە ٨٣٢/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەرەکی خۆراگردوو/ کەسنەزان) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەندرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٣/١ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمله و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٦٠٥٩/ش/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠٢٠/١/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (فراس ارکان حسیب)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ اسمهان حسین عبدالحسن داوای ژمارە (٦٠٥٩/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٢/٢٦, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشمله.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە/ ١٩٩١/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٠
ئاگاداری
بۆ تۆمەتبارانی راکردوو/ ایمن بوزان حمی – محمد محی الدین حمی ناوی دایکی/ نازی
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە رۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤١٣ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بنکەی پۆلیسی راپەرین) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ٢ دوو رۆژنامەی ناوخۆییدا ئاگادارت بکەینەوە کە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت.
دادوەر/ کامل تۆفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٥٢/ك/٢٠١٧
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/١٢
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشمله
بۆ تۆمەتبارێ هەڵاتوو احمد شفیق احمد لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەروارێ ٢٠١٩/٤/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایێت بەشێوەی پاشمله و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٥٢/ك/٢٠١٧ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٢٤٠ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشمله کە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٥٤/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/١٢
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشمله
بۆ تۆمەتبارێ هەڵاتوو صباح نورالدین صلاح لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەروارێ ٢٠١٩/٤/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایێت بەشێوەی پاشمله و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ١٥٤/ك/٢٠١٨ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ١/٢١ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە غەرامەکردن بەبری (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینارو و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشمله کە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٤٦٥/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشمله
بۆ تۆمەتبارێ هەڵاتوو نادر صلاح خلیل لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەروارێ ٢٠١٩/٨/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایێت بەشێوەی پاشمله و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٤٦٥/ك/٢٠١٨ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٤٤٦ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشمله کە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٤٦٠/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٦
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشمله
بۆ تۆمەتبارێ هەڵاتوو هاشم ربیع جلیل لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەروارێ ٢٠١٩/٨/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایێت بەشێوەی پاشمله و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٤٦٠/ك/٢٠١٨ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٤٤٦ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشمله کە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٦٢/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٥
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشمله
بۆ تۆمەتبارێ هەڵاتوو هێمن راستی محمود لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایێت بەشێوەی پاشمله و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ١٦٢/ك/٢٠١٩ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٤٤٦ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشمله کە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Recruiter
Work Location	Erbil Office with regular trips to the Field in Kurdistan
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Senior Recruiter will be overall accountable for all BU recruitment. The position is responsible for managing the workforce planning process and develop sourcing strategies to leverage diverse high caliber candidates to meet BU needs.

Please visit our website to read the key responsibilities of this job.

Required Qualifications & Experience:

- Business related Degree. preferably in Human Resource Management
- +5 years of experience in recruitment of full-time experience working in a high-volume and variety recruitment
- experience using recruitment system
- Knowledge of Iraq Labor Code essential
- Strong communication skills, ability to read & write well in English as well as Kurdish/Arabic.
- Good interpersonal skills – able to gain trust and respect of all staff
- Strong computer skills (Word, Excel, PowerPoint).
- Supervision/Managerial skills

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

IRAQ/2020/CFT–002/ Medical Kits

دعوة للعطاء
أطقم طبية

اعلان للعطاء
تدعو HI (HANDICAP INTERNATIONAL) قسم الاستجابة لحالات الطوارئ ، ضمن برامجها المنفذة في العراق ، إلى تقديم عطاءات مختومة من الموردين المسجلين لتزويد المستلزمات الطبية في العراق.
تعتزم مهمة HI - IRAQ منح عقد إطاري لتوريد أنواع مختلفة من المواد والمستلزمات الطبية في إطار البرامج الإنسانية الممولة من عدة جهات مانحة. من خلال عملية المناقصة هذه ، ستقوم Handicap International باختيار واحد أو أكثر من الموردين (الموردين) الذين سيتم توقيع عقد إطار سنوي لهم على القطع التالية:
١. طقم الإسعافات الأولية العامة
٢. فرد الإسعافات الأولية
٣. طقم الصدمات الطبية
يتم تقديم جميع المواصفات الفنية بما في ذلك المؤثرات البصرية كمرجع في كل قطعة ، باللغة الإنجليزية ، والتي يمكن تنزيلها مباشرةً من www.ncciraq.org أو www.reliefweb.int ويجب تقديم العطاءات إلى مكتب HI في أحد العنوان التالي:
المنظمة الدولية للإعاقة - العراق
مكتب أربيل: حي أشتي ، منزل رقم ٥/٢٧٠/٧٢٠ ، عينكاوا – أربيل
- مكتب بغداد: حي الوحدة ، شارع ٧٠ ، منزل ١٤ – بغداد
- مكتب الموصل: الزهور قطر ، ١٠٢٧/٢ ، ٤٤ ، الهاشمية – الموصل
- مكتب كركوك: مدينة نور ، مبنى رقم ٣٨٧ - كركوك
من الساعة ٠٩:٠٠ إلى الساعة ١٥:٠٠
هذه المناقصة مفتوحة لجميع مقدمي العروض المؤهلين ومقدمي الخدمات. يجب على مقدمي العروض إرسال اقتراحهم على العنوان أعلاه وليس في موعد أقصاه يوم الأحد ٢٣ فبراير ٢٠٢٠ الساعة ١٦:٠٠ HRS (التوقيت الرسمي للعراق) (توقيت العراق القياسي) فقط في مظروف مختوم مع الإشارة والإشارة المذكورة أدناه:
Medical Kits/Name of Company/٠٠٢–CFT/٢٠٢٠/IRAQ
."Not to be opened before the Tender opening session
يجب تقديم عينات من العناصر والمجموعات مع العطاء للفحص الفني
لن يتم النظر في أي طلبات بعد الموعد النهائي

IRAQ/2020/CFT–001/Supply of 2 Support Vehicles

دعوة للعطاء
أطقم طبية

اعلان للعطاء
تدعو شعبة الاستجابة لحالات الطوارئ في HI (HANDICAP INTERNATIONAL) في إطار برامجها المنفذة في العراق ، الموردين المسجلين لتزويد المركبات في العراق بتقديم عطاءاتهم فيما يتعلق بتزويد سيارتي دعم.
تنوي بعثة العراق منح عقد خدمة / عقد إمداد لتوفير سيارة دعم لمهمة العراق في إطار برامج إنسانية تمولها جهات مانحة متعددة. من خلال عملية المناقصة هذه ، ستقوم Handicap International باختيار مورد واحد لتزويده:
١. اثنان دعم سيارة ٧ مقاعد أو ٥ مقاعد
يتم تقديم جميع المواصفات الفنية بما في ذلك المؤثرات البصرية كمرجع في كل قطعة ، باللغة الإنجليزية ، والتي يمكن تنزيلها مباشرةً من www.ncciraq.org أو www.reliefweb.int ويجب تقديم العطاءات إلى مكتب HI في أحد العنوان التالي:
المنظمة الدولية للإعاقة - العراق
مكتب أربيل: حي أشتي ، منزل رقم ٥/٢٧٠/٧٢٠ ، عينكاوا – أربيل
- مكتب بغداد: حي الوحدة ، شارع ٧٠ ، منزل ١٤ – بغداد
- مكتب الموصل: الزهور قطر ، ١٠٢٧/٢ ، ٤٤ ، الهاشمية – الموصل
- مكتب كركوك: مدينة نور ، مبنى رقم ٣٨٧ - كركوك
من الساعة ٠٩:٠٠ إلى الساعة ١٥:٠٠
هذه المناقصة مفتوحة لجميع مقدمي العروض المؤهلين ومقدمي الخدمات. يجب على مقدمي العروض إرسال اقتراحهم على العنوان أعلاه وليس في موعد أقصاه يوم الخميس الموافق ٢٠ فبراير ٢٠٢٠ الساعة ١٥:٠٠ HRS (توقيت العراق القياسي) فقط في مظروف مختوم مع الإشارة والإشارة المذكورة أدناه
IRAQ/2020/CFT–001/ Supply of 2 Support Vehicles /Name of Company (Not to be opened before the Tender opening session).

لن يتم النظر في أي طلبات بعد الموعد النهائي

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٧/ك/٢٠١٦
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو نجلە جاسم سلمان لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایيت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ١٧/ك/٢٠١٦ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی مادەی ٢/٢١ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە غەرامەکردن بەبری (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٥٠٠/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/١٢
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو منذر سلیمان امین لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایيت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٢٤/ك/٢٠١٣ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی مادەی ٢١ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ١ یەك مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٢٤/ك/٢٠١٣
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای
تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو محمد یوسف ترکی اسعد لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٢٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایيت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٢٤/ك/٢٠١٣ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی مادەی ٤٣١ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ١ یەك مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
ڕێڤەبەریا گشتی یاباژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکی
سەرۆکاتییا باژێرڤانییا باتیفا
مولکایەتی
ژمارە: ٥١/٣٠٩/١٠/١٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١/٣٠
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٦٤١) ل ٢٠٢٠/١/٢٩ێ لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانان ئەڤەدانێ ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (١٨٧) ل ٢٠٢٠/١/٢٩ێ
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا باتیفا دێ رابیت راستڤەکرنا بەشەك ژ نەخشێ بنەرەتی یێ باژێرڤانیا باتیفا یا ژمارە (C٢٤١) ل (دەروازە باتیفا) د ماوێ (٣٠) روژان دا بو هەمی فەرمانگەهێن گشتی و هاوولاتیان ئەڤجا هەر کەسەکێ پێشنیار یان گازندەك هەبیت لسەر جهێ هاتیە راستڤەکرن بلا سەرەدانا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا مە بکەت هەر ژ روژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ دا باژێرڤانیا مە بشێت بو یا پێتڤی بکەت.
جندی حاجی عثمان
سەرۆکێ باژێرڤانییا باتیفا
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٨٥٧/ش/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (زانا صباح اسماعیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (دلسوز شیخ کریم عبدالله) داوای ژمارە (٤٨٥٧/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (بێرکۆتی نوێ) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگەها باری کەسایتی ل زاخو
ژمارة / ٤٩/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکوتی / ١/٢٨/ ٢٠٢٠
ڕاگەاندن
بو / داوالێکراو: هیمن شاهین مصطفی
ل دیف داخوازیا داواکارێ (شادی المان محمد) وکێشا ژمار (٤٩/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازیا خرجێ بوری هر ژ روژا (٢٠١٨/١٠/٩) ژت دکت بو خو وبو کچا خو یا ناکام (هیلان) ژ دایك بووی (٢٠١٦/١/٥) و دخوازا خرجێ بردوام بو خو وبو کچا خو یاناکامە (هیلان) ژت دکت ژ روژا (٢٠٢٠/١/١٦) وژبر ندیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا ت بو دادگەێ ل دیف نڤیسارا بنگەێ پولیسین (دلال) یا ژمار (٣٧٤) ل (٢٠٢٠/ ١/٢١) ونڤیسارا هلبژارێ تاخا (زاگروس / ٢) ئڤجا بریار هات دان کو ئاگەهداریا ت بێت کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت روژان دا ئامادبرامبر ڤێ دادگەێ ل روژا (٢٠٢٠/ ٢/١١) ل دمژمێر (٩) سپێدێ یان بڕیکارکێ پێش خو ڤ ئامادبکی و بروڤاژیا ڤێ چندێ دێ دادگەهاتە پاشملی هێت کرن .
دادور / دارا طاهر توفیق
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی
خانووبەرەی دهوك
ژمارە/ ٥٤٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٣
***
ئاگەهداری ژ ڕێڤەبەریا
تومارکردنی خانوبەر دهوك
ئاگەهداریا هاولاتیین بەرێز دکەین ئاکنجین پروژێ زەری لاند یێن بالەخانێن ژمارە (٢١، ٢٠، ١٩، ١٨، ١٧، ١٦، ٥، ٤) سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەن ژ بو دروستکرنا ژمارا وێنێ تومارا هەمیشەیی ژ شاشیێ و ئینانا وێنێ تومارى و دگەل گرێبەستا کو مپانیێ .
مافپەروەر/ چکڤان محمد احمد
ڕێڤەبەری تومارکردنی
خانووبەری دهوك
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٧٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Tronix System) بۆ (شیکاری پێشکەوتوو و بازرگانی ئامێری ئەلیکترۆنی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٧٠٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (هیمن) بۆ (بازرگانی گشتی / سنووردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هیمن) بۆ (بازرگانی گشتی / سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٢٧) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سلیمان عبدالله رسول) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٩٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خەلکی دیار) بۆ (بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانی/سنووردار وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (هیمن) بۆ (بازرگانی گشتی / سنووردار) بڕیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ ب. سلیمان عبدالله رسول
نانیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران
ژمارە مۆبایل/ 07504514150
ئیمیل/ sl962hawler@yahoo.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٩٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (INTER ABILTY) بۆ (خزمەتگوزاری بەروبوومە نەوتیەکان/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٩٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (R.T.R.W) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٢٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (VIDA LAND) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

کەنارەکانی ئەفریقیا و کشانەوەی ئەمەریکا و ئاکامەکانی





ئا/عەبدولقادر کەڵهۆڕ

لێدوانەکان ڕوو لە سەرخستن لە هەمبەر ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنارەکانی ئەفریقیا و مەترسیەکان ڕوو لە زێدەبوون لە هەمبەر کاردانەوەی ئەو هەنگاوە لەسەر ڕەوشی ئەمنی لە ناوچەکە. بەتایبەتیش فەرەنسا نیگەرانە، بەڵام پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا ئەو هەنگاوە کاردانەوەی دەبێت لەسەر ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا؟

ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمەریکایی لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەناراوەکانی ئەفریقیا بکشێتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە دەبێت .چونکە وادەکات گرووپە ئیسلامییە تووندڕۆکان چالاکتر دەرکەون لە ناوچەکە.ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە نزیکەی **6**هەزار سەربازی لە ناوچەی کەناراوەکانی ئەفریقیا نیشتەجێ کردووە و (ئەفریکۆم)ی لەوێ دامەزراندووە، کە یەکەیەکی سەربازی بەڕپرسە لە کردە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەکیشوەری ئەفریقیا . دامەزراندنیشی بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆر دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە بیابانی ئەفریقیا و چاودێریکردنی چالاکیی گرووپە ئیسلامییە تووندڕۆکان لە ناوچەکە.بڕیاری کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێشتا نەدراوە، تەنانەت ئەگەر بڕیارەکە بکەوێتە واری جێبەجێکردنیشەوە بە تەواوەتی نابێت، چونکە وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشتر لە لێدوانێکدا گوتبووی :ئەمەریکا بە تەواوەتی لە ئەفریقیا ناکشێتەوە.گوتبووشی دەزانم ئەو هەنگاوەی ئەمەریکا نیگەرانی بۆ هەندێک لایەن دروست دەکات بەڵام ، دیسان دەیڵێمەوە هێشتا بڕیاری کشانەوەمان نەداوە.

ستراتیژییەتێکی تازە

لە ڕێگەی بەشداربوونیەوە لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوەی ستراتیژی ئەمەریکایی سەربە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی و ئەفریکۆم و سەنتەری ئەمەریکایی بۆ توێژینەوە لە ئەفریقیا **سەربە پێنتاگۆن**، **لە ساڵانی ڕابردوو**

کەمال بن یونسی سەرۆکی دەزگای ئیبن ڕوشد بۆ توێژینەوەی عەرەبی و ئەفریقی لە تونس و لێکۆڵەرەوەی سیاسی گوتی، تێبینی گۆڕانکارییەکی جۆری دەکەم لە ستراتیژیەتی ئەفریکۆم بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما و دواتریش لەگەڵ بوونی ترامپ بە سەرۆک ئەو تێبینیانە زیاتر دەرکەوتن .

ناوبراو گوتیشی ، دەنگدەری ئەمەریکا و بڕیار بەدەستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێیانوایە پێویست ناکات چیدیکە لە پێناو ئەمنی قەومی ئەمەریکای کۆن پارە و گیانی سەربازی ئەمەریکا بە هەدەر بدەن لە دەرەوەی ئەمەریکا. نوکە ستراتیژییەتی ئەفریکۆم بەرەو خۆپاراستنی ئەمنی هەنگاو دەنێت.هەربۆیە دەبینین کە دەست لە کاروباری لیبیا وەرنادات بەڵام تەنیا چاودێری سنووری کەناراوەکان دەکات ، بۆ ئەوەی تیرۆریستان و چەک و تەقەمەنی دزە نەکەن . هاوکات بن یونس پێشبینی کردووە کشانەوەی هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەناراوەکانی ئەفریقیا بە قۆناغ بێت هەروەکو چۆن لە ئەفغانستان و عێراق کشانەوە.لەلایەکی دیکەوە ، چارلز جۆردان ، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە کۆمپانیای مینەسای ڕاوێژکاری بۆ کاروباری مەترسیەکان گوتی، من وای بۆدەچم ئەمەریکا پێیوایە کەناوەکانی ئەفریقیا بواری بۆ فەرەنسا زیاتر ڕەخساندوە و زیاتر کێشەی ئەوروپایە . هەروەها پێدەچێت پرسەکە زیاتر لە پرسی کشانەوەی هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، کێشەکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ناوچەکە خۆی دەبینێتەوە.لەنێوان پێنتاگۆن چی دەوێت و کۆشکی سپی چی دەوێت؟ هەردوو لایەن بەیەک دەنگ قسە ناکەن و سیاسەتێکی یەکگرتوویان لەو بارەوە نییە .

بۆچی فەرەنسا لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ترسی هەیە

ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەناراوەکانی ئەفریقیا دەبێتە هۆی مایەی نیگەرانی فەرەنسا کە بۆ ئاسانکاری لۆجیستی و زانیاری هەواڵگری هێزەکانی کە نزیکەی **4500** سەرباز دەبێت لە کەناراوەکانی ئەفریقیا ، پشتی پێدەبەستێت. بۆیە پێشتریش فەرەنسا داوای کردبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتییە سەربازیەکانی لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا بهێڵێتەوە. لە بەرانبەردا وەزیری بەرگری ئەمەریکا مارک ئەسپەر گوتبووی : ئەمەریکا سەرجەم هێزەکانی خۆی لە ناوچەی کەناراوەکانی ئەفریقیا ناکێشێتەوە.چونکە دەبێتە مایەی نیگەرانی زۆر لایەن . هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە هێشتا بڕیارەکەمان نەداوە.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1792:

جۆرج واشنتۆن بۆ جاری دووەم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵبژێردرایەوە.



ساڵی 1941:

لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی بەریتانیا شاری ماوسی لیبیایان داگیر کرد.



ساڵی 1965:

بومەلەرزەیەک بە گورپی **8.7**پلە لە ئالاسکا ڕوویدا ، ئەمەش یەکێک بوو لە بەهێزترین بومەلەرزەکان لە مێژوودا.



ساڵی 1980:

ئەبولحەسەن بەنی سەدر وەک سەرۆکی ئێران هەڵبژێردرا.



ساڵی 2003:

کۆماری یوگسلافیای ئیتیحادی ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە کۆماری سربیا و چیای ڕەش.



ساڵی 2015:

لە تایوان و لە ئەنجامی تێکشکانی فڕۆکەیەکدا **35** کەس گیانیان لەدەست دا.

پێناسەی وڵاتان

یۆنان



ناوی فەرمی: کۆماری یۆنان.
کیشوەر: ئەوروپا.
پێگەی جوگرافی: دەکەوێتە باشووری ئەوروپا، لە باکوور و ڕۆژهەڵات هەریەکە لە بولگاریا و کۆمارەکانی پێشووی یوگسلافیا و ئەلبانیا هەن، لە ڕووەکانی تریش دەریای ئیجە.
سیستمی دەسەڵات: کۆماری.
پایتەخت: ئەسینا.
ڕووبەر: **131.940** کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: **10.662.138** کەس.
ئاین: **98%**کرستیان ، **1.3**موسوڵمان ، **0.7%** ئاینی دیکە.
دراو : دراخما .
زمان : یۆنانی.
ڕێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان: **25-1-1945.**

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2020/2/4 ژمارە (5925)
خەبات

ئەمەریکا .. قۆناغە بنەڕەتییەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی



تا : هەندرێن شێرزاد

مانگێکە هەڵمەتی پروپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕاگەیێنراوە ، بڕیاریش وایە ئەم هەڵمەتە خێراییەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێ ، بەو پێیەی لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا و بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاندیدێکی سەرەکی بۆ ململانێکردن لەگەڵ ترامپ ،پرۆسەی دەنگدانی حزبی دێموکرات دەست پێدەکەن .

ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو قۆناغانەن کە پێش ئەنجامدانی دەنگدان ، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا پێیاندا تێپەڕ دەبێ :

- 20ی نۆڤەمبەری 2020: دیبەیتێک بۆ دیموکراتەکان: لەو ڕێکەوتە ، پێنجەمین دیبەیت لە نێوان هەر 10کاندیدی دیموکراتەکان ساز دەکرێ ، بە گوێرەی زانیاریەکانیش ئەم دە کاندیدە لە نێوان 20 کاندیدی ئەم حزبە تا ئێستا ماونەتەوە ، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە .بڕیاریش وایە دیبەیتی شەشەم لە ڕۆژی 19ی دیسەمبەر و شەش دیبەتیی دیکەش لە هەڵبژاردنی حزبی دێموکرات لە 2020ئەنجام بدرێن.

- 3ی فێبرایەری : 2020 کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتی ئەیوا: ئەم ویلایەتە بچووکە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا قورساییەکی زۆری هەیە ، بەو پێیەی لە هەڵبژاردنی پێشوەختەدا بەر لە هەموو ویلایەتەکانی دیکەی ئەمەریکا دەنگ دەدات و ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردنی بریتی دەبن لە پرۆسەی دەنگدانی پێشوەختە و تیایاندا دەنگدەران بیروبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن و بە کۆمەڵیش پشتگیری لە کاندیدانیان دەکەن .

- لە 11تا 29ی فێبرایەر : سێ ویلایەتی سەرەکی : هەڵبژاردنی حزبی دێموکرات لە سێ ویلایەت بەردەوام دەبێ و بە وردی چاودێری دەکرێ ، چونکە دوای دەنگدانی ویلایەتی ئەیوا ساز دەکرێن و دوور نیە ببنە مایەی پێشخستن و دواخستنی کاندیدێک یان زیاتر ، سێ ویلایەتەکەش بریتین لە : نیوهامشیر (11 ی فێبرایەر) ، نیڤادا (22 ی فێبرایەر) ، کارۆلاینای باشوور(29ی فێبرایەر).

3ی ئادار : شێشەممەی گەورە : لەم ڕۆژەدا کە بە سێشەممەی گەورە ناودەبرێ ، زنجیرەیەک هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام دەدرێن و دەکرێ بڕێن بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بۆ کاندیدانی حزبی دێموکرات . پرۆسەی دەنگدان لە 15 ویلایەت ئەنجام دەدرێ ، لە نێویاندا کالیفۆرنیا و تێکساس هەن کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان دەگرنەخۆ دواتر تا مانگی یۆنیۆ ویلایەتەکانی دیکە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام دەدەن.

- لە 13تا 14ی یۆلیۆ : کۆنگرەی حزبی دێموکرات : دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر هەڵمەتێکی چڕ لە نێوان ژمارەیەکی گەورەی کاندیدان ، پارتی دێموکرات کاندیدی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستنیشان دەکات .

- لە 24تا 27ی ئاب : کۆنگرەی پارتی کۆماری : لەو ماوەیەدا دۆناڵد ترەمپ کە لەلایەن پارتی کۆمارییەوە پشتگیری دەکرێ ، وەک کاندیدی سەرەکی بۆ ویلایەتی دووەمی سەرۆکایەتی دەستنیشان دەکرێ .

- 29ی سێپتەمبەر : یەکەم دیبەیت لە نێوان کاندیدانی سەرۆکایەتی : بۆ جاری یەکەم و لەسەر شاشەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ، هەردووک کاندیدی کۆماری و دێموکرات دیبەیتێک ئەنجام دەدەن ، دواتر لە 15و 22ی ئۆکتۆبەر دوو دیبەتی دیکەش ئەنجام دەدەن . لە ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەریش هەردووک کاندید بۆ پلەی جێگری سەرۆک لە دیبەیتێکدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە .

- 3ی نۆڤەمبەر : هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی : لەو ڕۆژەدا چەندین ملیۆن دەنگدەری ئەمەریکی بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی تازە بۆ وڵات ڕوو دەکەنە سندوقەکانی دەنگدان.

زمانی ژمارە


ئابووری چین لە ماوەی 10 ساڵدا

تا: هەندرێن شێرزاد

- لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2019دا ئابووری چین وەک دووەم گەورەترین ئابووری جیهان لەدوای ئابووی ئەمەریکا زیاتر خۆی چەسپاند.
- لە نیوەی یەکەمی ئەم ساڵەدا ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی 45.09 ترلیۆن یوان (6.56 ترلیۆن دۆلار) ی تێپەڕاند.
- لە چارەگی دووەمی 2019دا ئابووری ئەم وڵاتە بە ڕێژەی 6.2%گەشەی کردوە .
- چین یەکێکە لە گەورەترین گرپارانی نەوت لە جیهان و ڕۆژانە نزیکەی 10ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە بازاڕەکان دەکڕێ ، ئەمەش دەکاتە بڕی 14%ی کۆی قەبارەی داواکاری جیهان لەسەر نەوت.
- ساڵی 2000 ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی چین 4%بوو (بە بەهای 1.2 ترلیۆن دۆلار) و پلەی شەشەمی داگیر کردبوو.
- ساڵی 2018 توانی بە بەهای 12.3ترلیۆن دۆلار خۆی بگەیەنێتە پلەی دووەم و 15% ئابووری جیهان پێک بهێنێت.
- بە گوێرەی پێشبینیەکان، لەگەڵ هاتنی ساڵی 2029 ئابووری چین لە بواری بەرهەمی ناوخۆییدا پێش ئەمەریکا دەکەوێتەوە و کۆی بەرهەمی ناوخۆییشی دەگاتە 25.6 ترلیۆن دۆلار بەرامبەر 24.5ترلیۆن دۆلار بۆ ئابووری ئەمەریکا.
- مانگی نیسانی ڕابردوو سندووقی دراوی نێودەوڵەتی پێشبینی کرد ساڵی 2019 ئابووری چین گەشەیەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێ بە ڕێژەی 6.3%، واتە بە زیادبوونی 0.1 خاڵی سەدی لە پێشبینیەکانی پێشوو.
- بەپێی زانیاریەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیش ، ساڵی 2017 چین بە بەهای 2.3 ترلیۆن دۆلار گەورەترین هێزی جیهانی بووە لە ڕووی هەناردەکردنی کەلوپەل ، ئەمەش واتە 13%ی کۆی هەناردەکانی جیهان.
- هاوکات لە ساڵی 2017دا و بە بەهای 1.8 ترلیۆن دۆلار ، چین دووەم گەورەترین هاوردەکاری کەلوپەلیش بووە لەسەر ئاستی جیهان، کە دەکاتە 10%ی کۆی هاوردەکردنی کەلوپەل لە سەرتاسەری جیهان.
- دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم وڵاتە کۆنترۆلی 59%ی داواکاری جیهان لەسەر چیمەنتۆ و 50%ی داواکاری جیهان لەسەر پۆڵا دەکات.



مانشێت



سکای نیوز:
پۆلیسی شاری لەندەن ناسنامەی ئەو کەسەی ئاشکرا کرد کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر بە چەقۆ هێرشی کردبوە سەر ژمارەیەک خەڵک. کەسەکە ناوی سودیش ئامانە و پێشتر بەهۆی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی دەستگیر کرابوو.



ئەی ئێف پی:
ئیڤۆ مۆرالیسی سەرۆکی پێشووی پۆلیڤیا ڕایگەیاند کە دەخوازێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.



ئیلاف:
وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی تا ئێستا 17 منداڵی داعشەکانی گێڕاونەتەوە .



ڕۆیتەرز:
ڕێکخراوی قاعیدە بەرپرسیاریەتی ئەو هێرشەی خستە ئەستۆی خۆی کە لە مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوو لە پێگەیەکی سەربازی ئەمەریکی لە ویلایەتیفلۆریدا ئەنجام درا.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا لە چین گەیشتە 360 کەس.



کەنالی ئار تی:
تورکیا بە بڕی 50 ملیۆن دۆلار یارمەتی سەربازی پێشکەشی ئۆکرانیا کرد.







بۆ ڕێگاگرتن لە قەتیسبوونی گەرمی جوتیارێکی ئەمەریکی دارێک دەخاتەڕوو کە 40 جۆر میوە دەگرێت

جوتیارێکی ئەمەریکا کە لە هەمانکاتدا مامۆستای زانکۆی (سیراکیوز)یە لە نیۆیۆرک بە ناوی "سام ڤان ئەکن" لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی داڤۆس لە سویسرا دارێکی نمایشکرد کە 40 جۆر میوە بەرهەم دێنێت، ئەو جۆتیارە پڕۆژەکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجام داوە و ئێستاش کار بۆ ئەوە دەکات بیرۆکەکەی بۆ وڵاتی سویسرا بگوازێتەوە.

"سام" دەڵێ: ئەوە تەنها یەک دارە کە 40 جۆر میوە دەگرێت وەک خۆخ و قەیسی و نیکاتارین و گێلاس و بادام، لێرە لە سویسرا کارەکەم لەسەر داری سێو بۆ ئەوەی 40 جۆر سێوی سویسری بگرێت.

"سام"، زیاتر لە 20 شێوەنی بەرهەمهێنانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، لە کردارەکەیدا پشت بە تەکنیکی موتربەکردن دەبەستێت.

کرداری موتربەکردن لە ڕێگای بڕینی لقی دارێک و لکاندنی بە لقی دارێکی دیکە ئەنجام دەدات، لە کۆتایدا یەکدی دەگرن و پێکەوە دەچەسپێن بەوەش دارەکە هەردوو جۆر بەهەمی دەبێت کە لە هەمان ڕەگەزن. تەکنیکی ئەو جوتیارە ئەمەریکیە لە مەترسیی گۆڕانی زۆری گەشوهەوا سەرچاوەی گرتووە کە ئەوەش ئەگەری هەیە ببێتە هەڕشە لەسەر داری میوە.

سەبارەت بەوە "سام" دەڵێ: هەر کەسێک داری میوە بچێنێت هەست بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەکات، ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی وەرزی بەرهەمگرتن لە شاری نیۆیۆرک کە بووە هۆی ئەوەی میوەی سێو بەرهەمی نەبێت کە ئەوەش ترس و دڵە راوکێی لە لایان جوتیارندا دروستکرد.

جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەتیسبوونی گەرمی ئەو تەکنیکە یارمەتی جوتیارە بچووکەکان دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمیان هەمەجۆر بێت، لە هەمانکاتدا ئەو سیستەمە پێویستی بە ڕووبەری زۆر فراوان نابێت بۆ چاندنی داری جۆراوجۆر.





پاراستنی سامانی ئاژەڵ و پەلەوەر لە کەشوهەوای نالەباردا

پێویستە ئەو بارهەڵگرەی ئالیک و پێکهاتەی دروستکردنی ئالیک بارەکات لەو کاتانەی کە باران نابارێت جوولّە بکات بۆ گواستنەوەی بارەکەی.

دڵنیابوون لەوەی دەرگا و پەنجەرەی کۆگاکانی داکردنی ئالیک ئەگەر لە کێڵگە بێت یان لە کارگە داخرا بێت و دەرفەت نەبێت بۆ گەیشتنی باران یان شێ بۆ ناو کۆگا.

بەردەوام گرنگی بە شوێنی پەروەردەکردن دەدرێت و پلەی گەرمی ئەو شوێنە لە ئاستی پێویست رادەگیرێت.

ئامێرەکانی گەرمکردنەوە لە شوێنێکی نزم دادەندرێت چونکە هەوای گەرم سەردەکەوێت بۆیە بۆ پاراستنی تەندروستی گیانلەبەرەکان پێویستە لەسەر زەوی بێت.

لە کاتی گەرمکردنەوەی هۆڵی پەروەردەکردن پێویستە هەوا گۆڕکی پشتگوێ نەخرێت چونکە ئەو گازەی بەهۆی گەرمکردنەوە پەیدا دەبێت مەترسیدارترە لە سەرما بۆ پەلەوەر و ئاژەڵەکان.

گرنگیدان بە پڕۆسەی کوتان لە کات و ساتی دیاریکراو و پێکوتەکان دەبێ لە شوێنی باوڕپێکراو وەربگیرێت و لە ژێرچاودێری کەسانی پسپۆڕ بێت.

لەبارچاوگرتنی ژمارەی ئاژەڵ یان پەلەوەر لە یەکەی ڕووبەر، چونکە قەرەبالّغی هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی چەندین کێشە لەناو ڕەوەکەدا.

دەربازبوون لە پاشماوە و پاشەڕۆ بە شێوەیەکی دروست کە نەبێتە هۆکار بۆ بلاوبوونەوەی هۆکارەکانی نەخۆشیی.

ئاژەڵ و پەلەوەری نەخۆش جودا دەکرێنەوە و مردووەکانیش دوور دەخرێنەوە و بە ژێری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

گرنگیدان بە جۆری ئالیک بە گوێرەی تەمەن و قۆناخی بەرهەمهێنان. لە کاتی سەرهەڵدانە نیشانەی نەخۆشیی یان بینینی بارێکی نائاسایی ڕاستەوخۆ و بە خێرایی سەردانی بنکەی ڤێتێرنەری دەکرێت

حکوومەتی چین ئاشکرایکرد کە نەخۆشیی ئەنفلەوەنزای باڵندە H5N1ی کوشندە لە ناوچەی "هۆنان" بلاوبووەوە کە دەکەوێتە سنووری باشووری ناوچەی "هوبی" بنکەی بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای کوشندە کە بە خێرایی دەگوازرێتەوە.

وەزارەتی کشتوکاڵی چین ڕایگەیاند: ئەو ڤایرۆسە بە بلاوبۆتەوە لە یەکێ لە کێڵگەکانی "شوانگ کینگ" لە ناوچەی "شاویانگ" لە کێڵگەیەکی پەروەردەکردن و قەڵەوکردنی پەلەوەر کە 7850 باڵندەی تێدابوو و 4500یان لەناوچوو بەهۆی ئەم ڤایرۆسە.

لە بەیاننامەکەی وەزارەتی کشتوکاڵی چینی هاتووە دوای دەستنیشانکردنی ئەم ڤایرۆسە 17 هەزار و 828 مریشک لەناوبردراوە.

لەگەڵ ئەوەش هیچ تۆشبوونێک لە نێو ئادەمیزاد دا تۆمار نەکراوە.

بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی H5N1 لە هۆنان لە کاتێکدا دێت دەسەڵاتی چینی سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی "کۆرۆنا"یە کە تاکو ئێستا بۆتە هۆی لەدەستدانی گیانی زیاتر لە 360 کەس.

بۆ یەکەم جار ڤایرۆسی H5N1 لە ساڵی 1996 لە چین دۆزرایەوە، ئەو ڤایرۆسە بە پلەی یەکەم کوشندەیە بۆ پەلەوەر.

بە پێی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئەو ڤایرۆسە کە بە ئەنفلەوەنزای باڵندە ناسراوە ئازارێکی زۆر بۆ کۆئەندامی هەناسەی باڵندە دروستدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ ئادەمیزاد. ئەو نەخۆشییە بووە هۆی گیان لەدەستدانی 400 کەس دوای بلاوبوونەوەی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای باکوور و بەشێک لە ئەورووپا.

بە گوێرەی بلاوکراوەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان، یەکەم باری توشبوون لە نێو ئادەمیزاددا لە وڵاتی هۆنگ کۆنگ لە ساڵی 1997 تۆمارکراوە، کاتێک کە 6 کەس بە هۆی ئەو نەخۆشییە گیانیان لەدەستدا. ئەو ڤایرۆسە دووبارە لە ساڵی 2003 سەریهەڵداوە لە هەرێک لە چین و هۆنگ کرنگ.

دوای کۆرۆنا نەخۆشیی ئەنفلەوەنزای باڵندە لە چین بلاوبووەوە

گرنگی توخمی سیلینیۆم بۆ جەستە



"سیلینیۆم" توخمێکی گرنگە بۆ جەستەی مرۆڤ، بۆیە پێویستە بەردەوام لە سەرچاوە خۆراکییەکانی بخورێت، لەم بابەتدا سوودەکانی و سەرچاوە دەستکەوتنی و چەند زانیارییەک سەبارەت بە توخمی سیلینیۆم دەخەینە ڕوو:

گرنگی توخمی سلینیۆم

یەکەم. بە توخمێکی گرنگ بۆ جەستە دادەندرێت و کەمبوونی هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە چەندین نەخۆشیی، ئەم توخمە گرنگە بۆ ڕژێنی دەرەقی و بەشدار دەبێت لە دروستبوونی هۆرمۆنەکانی.

دووەم. بە یەکێ لە دژە ئۆکسینە بەهێزەکان دادەندرێت کە ڕێگری لە نەخۆشیی شێرپەنجە دەگرێت، بە تایبەتی نەخۆشیی پێست.

سێیەم. بە شێوەیەکی گشتی بەرگری جەستە بەهێز دەکات، بەرگری پێ دەبەخشێت دژی ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیی.

چوارەم. تەندروستیی دڵ و خوێنبەرەکان دەپارێزێت، لێکۆڵینەوەکان سەلماندیویانە کە بە گرنگترین توخم بۆ دڵ دادەندرێت.

پێنجەم. پڕۆستات لە هەوکردن و ئەستووربوون دەپارێزێت و ڕێگا بە کۆبوونەوەی چەوری لە جەستەدا نادات.

شەشەم. هاوکارە لە دروستبوونی دژە ئۆکسینەکان لە جەستەدا هاوشان لەگەڵ ڤیتامینەکان.

حەوتەم. تەندروستی جگەر دەپارێزێت.

هەشتەم. ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش لە جەستەدا کەم دەکاتەوە.

نۆیەم. تەندروستی پەنکریاس دەپارێزێت و توانای سێکسی بەهێز دەکات.

دەیەم. نیشانەکانی پیری کە لەسەر ڕوخساردا دەردەکەوێت کەمدەکاتەوە.

یازدەهەم. قژ بەهێز و بریقەداری دەکات و ڕێگا بە دروستبوونی توێشک نادات.

سەرچاوەی توخمی سیلینیۆم

دەکرێت توخمی سیلینیۆن لە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی خۆراکی دەستبکەوێت گرنگترینیان ئەمانەن: گۆشتی سوور و سپی، دانەوێلّە بە گشت جۆرەکانییەوە، گوێز و بادام و بندق و کاجوو و پاقلّەی سوودانی و فستق و ماسیی تونا و ماسیی سەلەمون و خواردنە دەریاییەکان و بەرهەمەکانی شیرەمەنی و برۆکۆلی و هێلکە و نەعناع و کەرەوز و زۆر خۆراکی دیکە.

زیانەکانی سیلینیۆم

زێدە ڕۆیی لە خواردنی ئەو خۆراکانەی توخمی سیلینیۆمیان تێدایە دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ئەم نیشانانە: هەستکردن بە ماندیبوون و شەکەتی و دڵەهەڵچوون و کەمی تەرکیزکردن و کۆبوونەوەی چەوری لەسەر جگەر و شڵەژانی کۆئەندامی هەرسکردن.



ئایا گێزەر و کاهوو دەبنە شوێنگرەوەی نان و برنج؟

لەگەڵ ئەوەی گێزە و کاهوو (خاس) بە دوو خۆراکی دەوڵەمەند بە ڕیشاڵ و ڤیتامینە پێویستەکان بۆ جەستە پۆلێندەکرێن، بەڵام هەندێک توخمیان تێدایە کە بە ڕێژەیەکی زۆر لەو خۆراکەکاندا هەیە کە دەوڵەمەندن بە نیشاستە وەک نان و برنج. پزیشکان بینیان کە گێزەر و کاهوو دەتوانان پێداویستی ڕۆژانەی جەستە لە کار بۆ هێدرێت دابین بکەن، ئەوەش بە پێی ئاماژەکانی داتا تایبەتەکانی سیستەمی خۆراکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

مالپەڕی "هیڵسی ئیتنگ" ڕاگەیاند: خواردنی دوو کوپ و نیو لە سەوزە لە ڕۆژێکدا توانای هەیە 2هەزار یەکەی گەرمی بە جەستە ببەخشێت ئەوەش هەمان تێکڕایە کە جەستەی مرۆڤێکی پێگەیشتوو پێویستیەتی لە ڕۆژێکدا. لەگەڵ ئەوەی کە گێزەر و کاهوو بڕێک کاربۆهێدرێت بۆ جەستە دابین دەکەن، بەڵام کاهوو بڕێکی کەمتر لە گێزەر کاربۆهێدرێتی تێدایە.

بە گوێرەی بلاوکراوەیەکی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکا، یەک کوپ گێزەری وردکراو نزیکەی 11گرام کاربۆهێدرێت دابین دەکات لە کاتێکدا کە یەک کوپ گەنمەشامی کە دەوڵەمەندە بە نیشاستە نزیکەی 27 گرام کاربۆهێدرێت دەستەبەردەکات.

ئەو کەسەی وەرزش دەکات پێویستی بە بڕێکی زیاترە لە کاربۆهێدرێت، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە زانکۆی "بڕاون"ی ئەمەریکی ئەنجامدراوە پێویستە وەرزشوانان نزیکەی 65 لەسەدای یەکەی گەرمی لە کاربۆهێدرێت بەدەست بێنن یان نزیکەی 325 گرام لە کاربۆهێدرێت بخۆن بۆ بەدەستکەتنی 200یەکەی گەرمی (کالۆری).

تایبەتمەندی ئەو کاربۆهێدرێتەی لە گێزەر و کاهوو دەستدەکەوێت تەندروستی تێرە بە بەراورد بە کاربۆهێدرێتەکانی دیکە بڕیە پزیشکان ئامۆژگاری دەکەن زێدە ڕۆیی لە خواردنیان نەکرێت.



نۆیەم یارییە لەسەر یەکتری رۆنالدۆ گۆڵ تۆمار دەکات

لە میانی یارییەکانی گەڕی **22**ی خولی ئیتاڵی بۆ تۆپی پێ، کریستیانۆ رۆنالدۆ رابەرایەتی یانەی یۆڤینتۆسی کرد بە بردنەوەی لە یانەی فیرۆنتینا بە **3**گۆڵی بێ بەرامبەر.

رۆنالدۆی پورتوگالی لە دوو پەنالتیدا لە خولەکانی **40**و **80**دوو گۆڵی تۆمارکرد و گۆڵی سێیەمیش لە خولەکی زیادکراودا لەلایەن ماتیاس دی لیختی تۆمارکرا، بەمەش دۆن ژمارەی گۆڵەکانی گەیاندە **19**گۆڵ و لە پلەی دووەمی لیستی گۆڵکارانی کالچیۆ دێت لەدوای شیرۆ ئیمۆبیلی.

جێی باسە ئەمە نۆیەم یارییە لەسەر یەکتری کە رۆنالدۆ گۆڵ تۆمارەدەکات.

خولی کوردستان
تیپێک بەهۆی نەبوونی درێسی یەدەگەوە دۆڕا



عیماد قادر

لەهەموو دونیادا واباوە هەر کارێک ئەنجام بدەیت سەرەتا پێویستە بەرنامەڕێژی وپلانی تۆکمەی بۆ دابڕێژیت تادواجار لەپلانەکەت سەرکەوتوو بێت، مەبەستی نووسینی بابەتەم تەنها خۆی لەبابەتێکی دیاریکراودا دەخولێتەوە، ئەوەیش نەبوونی درێسی یەدەگی یانەکانی کوردستانە لەخولەکانی کوردستان، بروانەکەم لە هیچ خول وپاڵەوانیەتیەیەکی کۆی ئەم سەرزەوی یە کەیانەیەک بەشداری خولێکی دوورو درێژ بکات و یارییەکان بەشێوەی چوون وهاتن بەرێوەبچێت تەنهایانەکان بەیەک سێتی وەرزشی یارییەکان ئەنجام بدەن، بێگومان کاتی دەستپێکردنی خولەکان هەموسالێک دەکەوێتە سەرەتای وەرزی زستان، بەتەئکید وەرزەکە وەرزێکی ساردو باراناوییە ، هەر یارییەک لەم کەش وهەوایەدا بەرێوەبچێت ، ئەوا بەبێ دوودڵی درێسەکان تووشی حاڵەتی پیسبوون وقورواوی دەبن، بەتایبەتی لەکاتی باران بارینداً، ناچار یاریزانەکان لەنێوان پشووی گێمی یەکەمدا پێویستە درێسەکانیان بگۆڕن و درێسێکی دیکە لەبەربکەن بەمەبەستی تەندروستی خۆیان ، ناوەرۆکی بابەتەکەم دوو هەفتە بەر لە ئێستا لەیەکێک لەیارییەکانی خولی نایابی کوردستان بینیمان یاریزانێک ژمارەی سەر درێسەکەی هەڵزابوو، بۆیە ناوبژیوان بەناچاری داوای لێکرد کەدرێسەکە بگۆڕێت بچێتە دەرەوەی یاریگاکە ، کاتێ یاریزانەکە هاتنە دەرەوە هیچ درێسێکی یەدەگ نەبوو لەشوێنی درێسە هەڵزراوەکە لەبەر بکات و بچێتە نێویاریگاکە بۆ تەواو کردنی یارییەکە،بەداخەوە یانەکە هیچ درێسێکی یەدەگی نەبوو، ناچار ڕاهێنەری تیپەکە بەم هۆیەوە ئەو یاریزانەی هێنایە دەرەوە و یاریزانێکی دیکەی خستە شوێنی ئەو، بێگومان بەدەرچوونی ئەو یاریزانە ئاست وئەنجامی یارییەکە بەتەواوی گۆڕا، ئەم هەڵەیەش بووە لەدەستدانی **3** خاڵی یارییەکە دۆراندنی تیپەکە، لێرەدە ڕووی پرسیارمان دەکەینە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و پێیان دەڵێن بۆچی وەک مەرجی سەپێندراو بەسەر یانەکان پێش دەستپێکردنی خولەکە ڕانەگەیەنن کەهەموو یانەیەک لەکاتی یارییەکاندا پێویستە درێسی یەدەگی هەبێت بۆ هەموو حالەتە نەخوازراوەکان.

مۆرینهۆ وانەیەک دەداتە گواردیۆلا

یانەی مانچستەر سیتی لەسەر دەستی راهێنەرایەتی دووچاری شەشەم دۆڕان هات لەم وەرزەی خولی ئینگلیزی وکاتیک یاریزانانی تۆتینهام بە ئەنجامی دوو گۆڵ بێ بەرامبەر لێی بردنەوە.

لەم یارییەدا مۆرینهۆی راهێنەری تۆتینهام وانەیەکی پێشکەشی گۆاردیۆلا کرد، و وای لێکرد کەوەک منداڵێک بەرامبەر تەکتیکەکانی مۆرنیهۆ بوەستێتەوە.

ئەوەی جێی باسە یانەی تۆتینهام لە دوو لێداندا توانیان دوو گۆڵ تۆمار بکەن و لەبەرامبەردا یاریزانانی مانچستەر سیتی لە **15** لێداندا نەیتوانی تەنها گۆڵێک تۆمار بکات.



کاریگەری ڤایرۆسی کۆرونا لەسەر وەرزشی چین

ڤایرۆسی کۆرۆنا تەواوی کایەکانی ژیانی لە وڵاتی چین پەکخستووە، لە پێش هەموویانەوە وەرزش.

بەرپرسانی تۆپی پێی ئوسترالیا هەوڵی ئەوە دەدەن پێداچوونەوەیەکی خێرا لە وادەی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بکەن، ئەویش دوای ئەوەی حکومەتی ئەو وڵاتە هاتنی هەر بیانییەکی بۆ وڵاتەکەی قەدەغە کرد کە لە وڵاتی چینەوە دێنە ناو خاکی ئوستراليیاوە، ئەویش بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا.

بڕیار بوو هەردوو یانەی شنگهای شینهوا و شنگهای سیبگ دوو یاری لە ئوسترالیا بەرامبەر یانەکانی بیرس گلۆری و سیدنی ئێف سی ئەنجام بدەن، لەم سۆنگەیەشەوە یەکیەتی تۆپی پێی ئوسترالیا لە راگەیەندراویکدا یەکیەتی تۆپی پێی ئاسیای لەم بارودۆخە ئاگادار کردۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە پاڵەوانێتی فۆرمۆلا بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی کە بڕیاربوو لە مانگی داهاتوو پێشبڕکێیەکە لە شاری سانیای چینی بەڕێوەببات، بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەو ڤایرۆسەوە ئەو پاڵەوانێتییەی هەڵوەشاندەوە.



لینا سالار راهێنەری لەشجوانی بۆ خەبات :
تائێستا لە هەندێ هۆڵی وەرزشی راهێنانی زانستییانە ئەنجام نادەن

دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

سەردەمانێک کەوەرزش کردن لەنێو هۆڵ ویاریگاکان ئەنجام دەدرا، زۆر بەدەگمەن وەرزشوانی ئافرەتت بەرچاو دەکەوت، بەتایبەتی لەکوردستاندا سالانی ڕابردوو رێژەی کچە وەرزشوانانی نێو بواری وەرزش لەپەنجەی دەست تێپەری نەدەکرد، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بینیمان چۆن کچە وەرزشوانەکانمان بەرێژەیەکی زۆر ڕووبەواری وەرزشکردن دەکەن ،سەرەڕای ئەمەیش زۆربەی زۆری یاریزانەکانی کوردستان لەم چەند ساڵەدا خاوەن زۆرترین دەستکەوتی وەرزشین لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ونێوخۆیی لەیارییە جۆراوجۆرەکاندا،بۆیە نکۆڵی لەوە ناکرێت وەرزشی ئافرەتان بەرێژەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستە سەر وەرزشی ئافرەتان بەگشتی خاتوو لینا سالار لەتیف قوتابی کۆلێژی زانستی لەسلێمانی ناوبراو لەبارەی چۆنیەتی ئاشنابوونی بەدونیای وەرزش بۆ لاپەرەی خەبات گوتی: من جیا لەکچانی دیکە هەر لەمنداڵییەوە خولیای وەرزش کردن بووم، لەناخی خۆمدا هیواو ئاواتم ئەوەبوو کە ڕۆژێک لەڕۆژان تێکەڵ بەدونیای وەرزش کردن بم،خۆشبەختانە هیواکەم هاتەدی و ئێستا بەخۆشحاڵییەوە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتووی هۆڵی لەشجوانی گۆڵدن ئەمریکیم لەشاری سلێمانی.

لەبارەی زۆربوونی هۆڵە وەرزشییەکان نابێتە هۆکاری بێسەروبەری بەرێوەچوونی کارەکان لەڕووی راهێنان و زیانگەیشتن بەتەندروستی بەشداربووانانی نێو هۆڵەکان خاتوو لینا بۆ ئەم پرسەیش گوتی: لەئێستادا هۆڵەکان بەسەر دووبەرەوە دابەشکراون، بەرەیەک زۆر سوودبەخشن بەبەشداربووانان و کارەکانیان بەشێوەیەکی زۆر زاستییانە ئەنجام دەدەن، ئەوەی دیکەیش دەچێتە قاڵبی بازرگانی کردن ، بەتایبەتی هەندێ هۆڵی وەرزشی هەن تائێستە مەشق و ڕاهێنانیان زانستییانە ئەنجام نادەن، ئەمەیەش کاریگەری لەسەر خودی بەشداربووەکە دروست دەکات

لینا لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی: لەئێستادا ئافرەتان بەرێژەیەکی زۆر ڕوولەهۆڵە وەرزشییەکان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش ، ئافرەتان دەیانەوێت پەرە بەجەستە ماندووەکانیان بدەن کە لەماڵ و کاتی دەوامەکانیان تەنهادانیشتوون و هیچ وەرزشێک ئەنجام نادەن.

پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان کردووە بەناوی یانەی سیروانی نوێ لەیاری پێنج پرێس، لەپاڵەوانیەتیەکەدا توانیمان ئەنجامی بەرز و بەرچاو بەدەست بهێنین، هەروەها جگە لەبواری یاریزانی بەشداریم لەخولی بەهێزکردنی ئاستی ڕاهێنەرانی لەشجوانی کردووە بەسەرپەرشتی لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان ،خۆشبەختانە لەخولەکەدا توانیم بڕوانامەی باوەڕپێکراوی مەشق وراهێنان بەدەست بهێنم.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا لینا سالار جەختی لەسەر ئەوە کرد کەهەموو کەسێک سەردانی هۆڵەکەمان دەکات، بەتایبەتی چینی لاوەکان زۆر زیاتر لەنێو هۆڵەکان دەبیندرێن، ئەگەرچی بەتەمەنەکانیش بۆ باشترکردنی تەندروستی خۆیان ئەمانیش سەردانمان دەکەن سوودێکی زۆر لەمەشقەکان دەبینن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue.4. Feb. 2020 No: (5925)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئێوەش
لەگەڵمان کوردستان بپارێزن
پەیوەندی بکەن بە هێڵی ئارامی
هێڵی ئارامی
١٢٣
call

ڕێبوار محەمەد ئەمین: دراما بیانییەکان شیرازەی خێزانیان تێکداوە، تەنانەت کاریگەرییان لەسەر ناوی مۆڵ و دوکان و منداڵەکانیشمان هەیە



دیمانە: پەریها عومەر

هونەرمەند ڕێبوار مەحەمەد ئەمین لە شاری سلێمانی ساڵی 1974 لەگەڕەکی سابونکەران لەدایکبووە. دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانییەو خێزاندارە، ئێستا فەرمانبەرە لەتەندروستی لەسەنتەری ڕاوێژکاری. سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگا کە لە بۆنەو ئاهەنگەکانی نەورۆز و سەری ساڵ لەچالاکییەکان بە شداری شانۆیی کردووە. یەکەمجار لەساڵی ٢٠٠٠ لە فیلمی کوردی مامە ریشە لە دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە بە شداریی کردووە، دواتر لە چەند فیلمێکی کۆمیدی بەشداریکردووە، دوای ئەوە لەکۆمەڵێک دراماو زنجیرە دراما سالانە کە لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەخش دەکرا وەکو، قاقا بەشداری کردووە. پاشان درامای ڕۆژی نوێ، درامای گەردەلوول، درامای سایە، بەشداریکردووە. لەمانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٩ دە ستیکردووە بەکاری دەرهێنان لەگەڵ هونەرمەند (قانع هولان) بریارياداوە بە خۆبەخشی لەگەڵ ستافێکی بەتواناو دلسۆز.

*** چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئێستای هونەری دراماى کوردی؟**

– دراماى کوردی لە ئەزموندایە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی داهێنان بەهۆی نەبوونی دەرهێنەری بە توانا لە ئێستادا و نەبوونی تێکستی خۆماڵی باش و ستۆدیۆیەکی تایبەت بەهونەرمەندان، قەیرانی دارایی وایکردووە هونەرمەندان دووربخاتەوە لە کاری هونەری چونکە هەموکارێکی هونەری پێویستی بەداهێنانێکی باش و ستافێکی پرۆفیشنالی باش هەیە.

*** هۆکارچیە کەبینەر لەدراماى کوردی تێراوە؟**

– بینەری دراماى کوردی بۆیە تێراوە هونەری کوردی لەلانەوازان و خولە چەخاخە و ژاڵە و گەردەلولەوە. بوو بەکاری ریکلام بۆبرنج و ڕۆن و دایبی و کومەڵێک شتی بێ مانا، بە هیوام لەجیاتی ئەوە کارێکی هونەری بکەن باشترە بەرای من، کاری هونەری بەخۆبەخشش بێت هەر ئەکرێت بۆ نمونە وەکو کارەکانی من، بەڵام هەندێک هونەرمەند چاوەڕێی سەرفکردنی پارەن، ئەوەش زۆری ماوە بۆ ئێستای هەریم، چاوەروانی زۆر دەبێتەهۆی دواکەوتن و نەمانی هونەری دراماى کوردی. بەهۆی کۆچی دوایی هونەرمەندان و بەرەو تەمەنی زۆر و کۆمەڵێک شتی تر.

*** وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی فلیم و دراما دۆبلاژکراوەکان دەڵێی؟**

بەڕاستی پەخشکردنی دراماىبیانیەکان بە تایبەتی دراماى تورکی کە هەمانە هەزار زنجیرە بە ڕەو زیاتر دەڕوات بەتەواوی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری تێکداوە. بۆ نموونە لەقوتابخانەکان و ناوبازار و دادگاکان شاهێدی لەوجۆرەن، تەنانەت سیاسەتی دەوڵەتی تورک کاریگەری زۆری لەسەر هەموشتێک هەیە. وەکو ناوی مۆڵەکان و دوکان و ناوی منداڵەکان و زۆربەی کاڵاو خواردنەکان.

*** چیبکرێت بەبۆچوونی تۆ هەتا بینەری دراماى کوردی ئاشت بکرێتەوە؟**

– ئێمەی هونەرمەندان ئەگەر یەکگرتوبین دەتوانین زۆر بەئاسانی بینەری خۆمان ئاشت بکەینەوە کاری هونەری کوردی خۆماڵی بەهاوکاری حکومەت و کەناڵەکان کە ئەوانیش ئەبێ هاوکارین بۆپەخشکردنی دراماکان بەبێ مەرجی حزبی و سیاسی بێ لایەنانەکاربکەین.

تەکنەلۆژیای سێ ڕەهەندی (3D) خەیاڵەکان دەکاتە ڕاستی

هەردەوان: ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی خەیاڵیی ڕاستی بکەین ئەوا زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە کەشێکی دەستکردی سێ ڕەهەندییە کە دەتوانین لە ڕێگای چاویلکە و کەرەستەی تایبەتەوە کە دەبەسترێتەوە بە کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکانەوە بڕۆیتە نێو ئەو جیهانەوە کە وەک ڕاستی وایە و بە ئارەزوی خۆت کۆنترۆڵی بکەیت.خەیاڵی ڕاستیی تێکەڵەیەکە لە نێوان خەیاڵ و واقع بە شێوەیەک کە هەندێک جار شتەکان تێیدا زیاتر لە ڕاستی دەچیت و هەروەک ئەوە وایە خۆت لە شوێنەکەدا بوونت هەبێت. بۆ نمونە، دەتوانیت لە ماڵەوە دابنیشیت و سەیری یارییەکانی تۆپی پێ بکەیت وەک ئەوەی لە یاریگا ڕاستەقینەکەدا دانیشتبیت، چاویلکەکان بە جۆرێک ڕیکخراون کە وێنەکان تەواو نزیکن لە ڕاستییەوە و هەستیان پێدەکەیت. خەیاڵی ڕاستیی سودی زۆرە، بۆ نمونە دەتوانیت ڕاهێنانی فڕۆکەوانیی ئەنجام بدەیت بێ ئەوەی پێویستت بە فڕۆکەیەکی ڕاستەقینەبێت بۆ ئەو مەبەستە کە ئەمەش پێویستی بە پارەو هەوڵ و ماندووبوون و مەترسی سەر ژیانی کەسەکە نییە، هەروەها هەلێکی باشە بۆ خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکییەکان کە توێژینەوە لەسەر لاشەی مرۆڤەکان بکەن وەک ئەوەی لە ڕاستیدا ئەنجامی بدەن. سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەو کەسانەی کە ترسێکی ئێجگار زۆریان هەیە لە شتێکی دیاریکراوە وەک میرو و خشۆکەکان یان شوێنە بەرزەکان، دەتوانن لە ڕێگای ئەم ئامێرانەوە بڕۆنە نێو ئەو جیهانە و بەرەنگاری ئەو ترسەیان ببنەوە. سەبارەت بە یاری و گەمە، ئەو کەسانەی ئارەزوویی یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن دەتوانن بە جۆرێک بڕۆنە نێو یارییەکەوە هەر وەک ئەوەی ڕاستییێت و بە ئارەزوی خۆیان کۆنترۆڵی دۆخی یارییەکە بکەن، ئەمانە و چەندین بواریدیکە کە دەتوانرێت لە ڕێگای لەچاوکردن چاویلکەیەکەوە چەندین کاری سەرسوڕهێنەری دیکەی پێئەنجام بدرێت.

چەند نمونەیەک لە چاویلکەی خەیاڵی ڕاستی

1- چاویلکەی Oculus Rift: بە یەکەم جۆری چاویلکە دادەنرێت کە هاتۆتە نێو ئەم بوارەوە و بە باشترین جۆریش دادەنرێت کە لە ئێستادا هەیە. ئەم چاویلکەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە دەتوانرێت لە ڕێگای USB یەوە بەبەسترێتەوە بە کۆمپیوتەرەوە و جایرۆسکۆپی تێدایە کە چاودێری هەموو جوڵەکانت دەکات و دەتباتە نێو جیهانێکی فراوانەوە کە وردبینییەکەی دەگاتە ١٠٨٠ پێکسڵ و بە گۆشەی ٣٦٠ پلە. نرخیی ئەم چاویلەکەی ٥٩٩ دۆلاری ئەمریکییە ئەمیش بە هۆی زۆری تێچونی بەرهەمهێنانییەوە.

٢- چاویلکەی HTC Vive :ڕکابەری بەهێزی Oculus Riftکە بە نزیکەی هەمان تایبەتمەندییان هەیە. ئەم چاویلکەیە ستیکێکی تێدایە کە زۆر بەسوودە بۆ ئەو کەسانە لە بواری یاریدا وەک چەک یان هەرشتێکی هاوشێوە بەکاری دەهێنن و بەهەمان شێوە جایرۆسکۆپی تێدایە کە چاودێری جوڵەکانت دەکات بە گۆشەی ٣٦٠ پلە و وردی ١٠٨٠ پێکسڵ. هاوکارییەکی گەورە هەیە لە نێوان کۆمپانیای HTCو دروستکەرانی یاریە ئەلیکترۆنییەکانەوە بە تایبەتی کۆمپانیای Valveی بەناوبانگ بۆ گەشەپێدانی یارییەکان کە بەناوبانگترینیان Counter Strike.

٣ چاویلکەی Gear VR ی سامسۆنگ: ئەم جۆرە چاویلکانە تایبەتن بە مۆبایلە زیرەکەکان. تایبەتمەندی ئەم جۆرە چاویلکەیە ئەوەیە کە پێویستی بە کۆمپیوتەرنییە و تەنها لە ڕێگای مۆبایلە زیرەکەکانەوە دەتوانیت بڕۆیتە نێو ئەو جیهانە بەرفراوانەوە، بەڵام پێویستت بە یەکێک لە ئامێرەکانی سامسۆنگ دەبێت، بەتایبەتی Gal-ی4 , Note 5 وردیی axy S6 , پیشاندانی چاویلکەکە ٢٥٦٠ لە ١٤٤٠ پێکسڵدا ئەم چوبلکەیە بەکارهێنانی زۆر نایابە بەڵام هێشتا تایبەتمەندییەکانی ناگات بە تایبەتمەندی چاویلکەکانی پێشوو لە ڕوی پێکهاتە و توانای بەکارهێنان و هەڵبژاردنەکانییەوە.ئەم ئامێرانە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە کە پێشبینی دەکرێت لایەنە خراپەکانی کەمتربێت بە بەراورد لەگەڵ باشییەکانیدا. پێدەچێت لایەنە خراپەکەی تەنها ئەوەبێت کە ئارەزومەندانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاتێکی زۆر بەسەر بەرن لە نێو ئەم جیهانەدا کە لە ڕاستی دەچێت و ئەمەش زیان بە چاوەکانیان بگەیەنێت و کاریگەری هەبێت بەسەر میشک و هۆشیاری کەسەکەوە.بەڵام سەبارەت بە لایەنە ئەرێنییەکانی وەک لە سەرەتادا باسمان کرد دەتواندرێت لە چەندین بواری جیاوازدا بەکاربهێنرێت وەک فڕۆکەوانی و پزیشکی و ئەندازیاری و چەندین کاریدیکەش. بێگومان ئەمەش گۆڕانکاری گەورە لە ژیانماندا دروست دەکات و سودی زۆری دەبێت بۆمان هەروەک چۆن مۆبایلە زیرەکەکان ڕێڕەوی ژیانمانی گۆڕی، گومانیشی تێدا نییە ئەم ئامێرەش هەمان کاریگەری دەبێت.





شێنی هۆشیار ئەڵقەی دەستگیرانداریەتی گۆڕیەوە

هەمزە سەرحان: خانمە مۆدێلی کورد، شێنێ هۆشیار بەمزووانە ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت. شێنێ هۆشیار، لە پێگەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام ئاشکرایکرد کە ئەڵقەی دەستگیرانداری گۆڕیوەتەوە، بەم زوانە دەچێتە ناو ژیانی هاوسەرگیریەوە، سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە پیرۆزباییان لێکردوە.شێنێ کچی دڵگەش قادر خانمە شاعیری کورد، زیاتر کارەکانی لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوەدەکاتەوە، پێشتر وەک مۆدێل کاری کردووە و وەک ئەکتەریش بەشداری لە کلیپی چەند گۆرانییێژێکدا کردووە، نازناوی شاژنی سلێمانی پێ بەخشراوە.